

# FGM

## خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستانی عێراقدا

### توێژینەوەیەکی ئەزمونیە

لەلایەن Wadi

wadi

Copyright © 2010 by WADI - Association for Crisis Assistance and Development Co-operation
All rights reserved. Any part of the publication may be reproduced or adapted with acknowledgement of the source. © Photo (front): Thomas Uwer
Printed on recycling paper.

WADI e.V.
Herborner Str. 62
60439 Frankfurt am Main
Germany
Phone +49-(0)69-57002440
info@wadinet.de - www.wadinet.de

STOP FGM IN KURDISTAN

Wadi ڕێکخراوێکی ناحکومی ئەڵمانیە بۆ هاوکاری و پەرەپێدانی کاری مرۆڤدۆستانە ، وە بەشداری بەرنامەی جەندەری و هاوکاریکردنی قەیرانەکانی باکوری عێراق ، ئیسرائیل، ئوردن و سوریا دەکات لەساڵی 1992وە ، بەگشتی بەرنامەکانی Wadi بۆ پەرەپێدانی ئازادی مافەکانی مرۆڤە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، بەرنامەی جەندەری و پەروەردەیی تایبەتی لەو بوارەدا هەیە ، هەروەها Wadi کار ئەکات بۆ هاوکاری کردن و بونیاتنانەوەی ئەو ناوچانەی کە بەر هێرشی چەکی کیمیاوی کەوتون لە کوردوستانی عێراقدا ، لەساڵی 2005بە ڕوبەڕوبونەوەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردوستان Wadi بۆتە بەشێك لە هەوڵی ڕێکخراوە جیهانیەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دیاردەکەو قەدەغەکردنی بە پێی یاسا .

# ناوەڕۆک

سوپاسنامە

١. پێشەکی

١,١. خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستانی عیراقدا

١,٢. پرۆسەی ڕاپرسی

١,٣. کارنامە

١,٤. کەیسی تایبەتی دهۆک

١,٥. دەربارەی هەسەنگاندن

٢. ڕاپرسی

٢,١. ڕێژەی خەتەنە

٢,٢. ڕێژەی شار بۆ لادێ

٢,٣. جۆری خەتەنە

٢,٤. پرۆسەی خەتەنە

٢,٤,١. شوێن

٢,٤,٢. ئامراز

٢,٤,٣. ئەنجامدەران

٣. توێژینەوە

٣,١. کارتێکردنی خوێندن

٣,١,١. ئاستی خوێندنی ئافرەتان

٣,١,٢. پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندن و خەتەنە

٣,١,٣. کارتێکردنی ئاستی خوێندنی باوان

٣,١,٤. کارتێکردنی خوێندن بە شێوازی تر

٣,٢. کارتێکردنی ئاین

٣,٢,١. ڕۆلی ئیسلام

٣,٢,٢. "عادات" و "ئاین"

٣,٣. کارتێکردنی نەتەوە

٣,٤. ڕۆڵی پیاو

٣,٤,١. پیاوان چەند ئەزانن

٣,٤,٢. کارتێکردنی پیاو - بیروڕای جیاواز

٣,٥. شێوازی هەسوکەوت

٣,٥,١. ئاكامەكانی خەتەنەكردنی مێینە
٣,٥,٢. پاڵپشتیكەرانی خەتەنە
٣,٥,٣. بەرگریكردن لە خەتەنە
٣,٦. هۆشیاری لەسەر خەتەنە
٣,٦,١. ئافرەتان لە كوێوە زانیاری لە سەر خەتەنە وەرئەگرن؟
٣,٦,٢. هۆكارەكانی ئەنجامنەدانی خەتەنە
٣,٦,٣. پرسیاری ڕاستگۆیی

٤. ئەنجامگیری
٥. ووتەی كۆتایی

پاشكۆ
نەخشەی هەرێمی كوردستانی عێراق
لیستی وێنەو خشتەكان

# سوپاسنامە

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێی پرۆژەیەکی ڕێکخراوی وادی لە دایک بوو. پرۆژەکە بە سەرپرشتی سعاد عبدالرحمن و ئانا مۆلینهاوەر بەڕێوەچوو، وە تەنها لە ڕێی کاری ڕۆژانە و بەردەوامی کۆمە ک لە هاوکاری خاون توانای گەورەی وەک فەلاح مرادخان و ساندرا سترۆبل و سیروان و عیسی موسی و تۆماس آور و ارڤید فۆمان و مارتن ڕۆدویغ و تۆماس ڤۆن در تۆستن زاگن و جۆن رۆسینثال و ئاوات محمد پیرویس و پرۆفیسۆر هۆبرت بیست کە مامۆستایە لە توێژینەوەی کۆمە یەتی لە زانکۆی لاندشوت یارمەتی دا بە پێشکەش کردنی هاوکاری لە ڕووی زانستی و شارازیی خۆی لەم بوارەدا.

ئەندامانی تیمە گەڕۆکەکان توانیان کارەکانیان بە شێوازێکی شارەزایانە ئەنجامبدەن. ئێمە لێرەدا دەستخۆشیان لێ ئەکەین و هەوڵەکانیان بۆ سەرکەوتنی توێژینەوەکە بەرز ئەنرخێنین. هەروەها زۆر سۆپاسی ئەو ئافرەتانە ئەکەین کە کاتیان تەرخانکرد بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسێکانی پرۆژەکە.

سۆپاسێکی بێ پایانی رۆزیلو فاوەندەیشن ئەکەین بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆژەکە هەر لە سەرەتایی دەستپیکردنیەوە.

ئەم پرۆژەیە لە ڕێی هاوکاری مادی ئاژانسی پەرەپێدانی حکومەتی نەمسا و ڕێکخراوی خێرخوازی سویسری و وەزارەتی دەرووەی هوڵەندا و مامە کاش (داینمارک) و پرۆگرامی کۆمە گای مەدەنی عێراقی (ICSP)، و شاری ڤیەنا بەڕێوەچوو.

توێژینەوەکە بە هاوکاری کۆمیتەی نەرویجی بۆ مافەکانی هاوڵاتیانی کورد و گروپی کێشەکانی ئافرەتان و بەڕێوەبەرایەتی نەرویجی بۆ منداڵان و گەنجان و ک شەی خێزان وەرگێردرایە سەر زمانی ئینگلیزی.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانین کە سوپاسێکی بێ پایانی هەموو ئەو ڕۆژنامەوانە بکەین کە گرنگیان دا بە پرۆژەکە، بە تایبەتی سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی و نیکۆلاس بیرچ .

دواجار سوپاس و پێزانینی زۆریش بۆ د.گۆران عبداللە بۆ وەرگ انی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ زمانی کوردی بە خۆبەخشی.

# ١. پێشەکی

## ١.١. خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستانی عیراقدا:

ساڵانێکە، ڕووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە[1] بوەتە ئەجندای کاری هەموو ئەو کامپەینە جیهانیانەی کە هەوڵی باشترکردنی ڕەوشی مێینەو منداڵ ئەدەن. ژمارەیەکی زۆری وڵاتان، خەتەنەکردنی مێینە بە تاوانێکی گەورە دادەنێن و ڕێوشوێنی شیاویان بۆ سزا دانی ئەو کارە هێناوەتەکایەوە.

لە ئاستی جیهاندا، خەتەنەکردنی مێینە ، ژمارەیەکی زۆر لە کۆبەند و جاڕنامەی جیهانیەکان پێشێل ئەکات[2]. سەرەڕای ئەوە، خەتەنەکردن بە بەردەوامی بە لای کەمەوە لە ٢٨ وڵاتی ئەفریقیا ئەکرێت و بە شێوەیەکی نەزانراو لە هەندێک وڵاتی ڕۆژهە تی ناوەڕاست و دووری وەک (یەمەن، عومان، ئیمارات، بەحرەین، کوردستانی عێراق، ئێران، هندستان، مالیزیا و ئەندەنووسیا)، و ئەمریکا و کەنەدا و ئوستراليا. لەو وڵاتانەی دوایی خەتەنەکردن بە زۆری لە نێو ئەوانەدا باوە کە لە وڵاتانی ترەوە هاتوون. لە جیهانی ئەمڕۆدا ١٠٠-١٤٠ ملیون ئافرەت و منداڵ لە حاڵی حازردا لە گەڵ ئاکامەکانی خەتەنەکردندا ژیان بەسەر ئەبەن. سەرەڕای هەوڵە نێودەوڵەتێکان بۆ قەدەغەکردنی ئەم کارە ، بە م ساڵانە نزیکەی ٣ ملیون کچ ڕووبەڕووی مەترسی خەتەنە ئەبنەوە.[3]

ئەم ژمارانە سەرسوڕ هێنەرن، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە بخەینە پێش چاوی خۆمان کە ڕێژەکان تەنها بەشێکن لەوەی کە بە ڕاستی لە سەر ئەرزی واقیع گوزەر ئەکات. سەرەڕای ئەوەی کە بە گەی زۆر هەیە کە خەتەنەکردنی مێینە بە تەنها لە وڵاتانی ئەفریقیا ناکرێت و لە زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیاش بەربڵاوە، بە م زۆر جار خەتەنەکردنی بە "نەخۆشیەکی ئەفریقی" ناسراوە.

هەموو ئەو شارەزایانەی لە بوارەکەدا کار ئەکەن، ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە شکاندنی بێدەنگی لە بەرامبەر ئەم دیاردەیە یەکەمین و قورسترین هەنگاوێکە لە سەر ڕێگای شەرمەزار کردنی خەتەنەکردنی مێینە. ئەمە تەنها کاری ئافرەتان ئەو شوێنانە نیە کە دیاردەکەی تێدا بەربڵاوە، بەکو ئەرکی شارەزایانی نێودەوڵەتیە. لە زۆرێک لە ڕاپۆرتەکاندا، هەتاکو ئێستا باس لە خەتەنەکردن لە کوردستان و باکووری عێراق ناکرێت وەک دیاردەیەکی بەربڵاو کە زۆربەی ئافرەتانی کۆمەگاکەی گرتوتەوە[4].

هۆکاری ئەمە لە بەشێکدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەتەنەکردنی مێینە - وەک هەر دیاردەیەکی تر کە پەیوەندی بە سێکسەوە هەبێت- وەکو تابویەک تەماشا ئەکرێت. خەتەنەکردنی مێینە ئەنجامئەدرێت و قسەی لەسەر ناکرێت[5]. لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، یەکەمین ڕاپرسیاریەکان، کە تەنانەت بە شێوەیکی پلان بۆ داڕێژراو ئەنجامئەدرابوو، یەک لە دوای یەک دەریانخست کە ئافرەتەکان ئاگایان لێ نەبوو کە خەتەنەکردن بە بەربڵاوی لە نێو خودی خێزان و گەڕەکەکانی خویاندا ئەنجامئەدرێت.

---

[1] هەندێک جار ووشەی "خەتەنە" یان "لێکردنەوەی ئەندامی زاوزێی ئافرەت" بەکارئەهێنرێت. لە نووسینە ئینگلیزیکەی ئەم تۆێژینەوەدا، ووشەی "بڕین" مان بەکارهێناوە چونکە ئەو ووشەیە چەخەت ئەکاتە سەر قورسی و ئاکامە جەستەیی و دەروونێکانی پرۆسەکە و وەک پێشێلکردنێکی مافە سەرەتایەکانی مرۆڤ پیشانی ئەدات. هەروەها زۆربە ڕێکخراوە جیهانێکان بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم دەستەواژە بەکار ئەهێنن. بە م لە کوردستانی عیراقدا، "خەتەنەکردن" زۆرتر بەکارئەهێنرێت، بۆیە لە نووسینە کوردێکەی تویژینەوەکەدا، خەتەنەمان زیاتر بەکار هێناوە.

[2] بە تایبەتی "جاڕنامەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە سەرەتایەکان" کە لە ساڵی ١٩٥٢ هێنرایە کایەوە. بە م هەروەها "جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بنبڕکردنی هەموو جۆرە جیاکاریەک دژی ئافرەتان" CEDAW لە ساڵی ١٩٧٩. هەروەها "جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سەر مافی منداڵ" لە ساڵی ١٩٨٩ و" جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سەر بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان" لە ساڵی ١٩٩٣.

[3] ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)، "بنبڕنکردنی خەتەنکردنی مێینە: ڕاپۆرتێکی نێوڕێکخراوەیی". جنیڤ ٢٠٠٨، لا.١

[4] بۆ نموونە، ڕاپۆرتی ساڵانەی UNICEF لە ٢٠٠٨، نە ئاماژە بە عێراق و نە ئێران و نەش ئەندەنووسیا ئەکات، کە لەو وڵاتانەدا، خەتەنەکردن بەربڵاوە.

[5] ماکیی، جێری: "ڕێگایەک بۆ کۆتایهێنان بە خەتەنەکردن"، پرۆژەی هۆشیارکردنەوە و تۆڕبەستن لە سەر خەتەنەکردن، http://www.fgmnetwork.org/articles/mackie1998.html, لە ٢٠٠٩/١١/١٨، سەردانی پێگەکە کراوە.

شارەزایانی جیهانی پێئەچێت ئەوانیش لە بێدەنگیدا گیریانخواردبێت. ساڵانێکە زانیاری لە سەر بەربڵاوەی خەتەنەکردنی ئافرەتان لە ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق و ناوچەی تری ڕۆژ هە تی ناوەڕاست بەردەستە[6]. بە م ئەو زانیاریانە بە شێویەکی سیستماتیکانە مامەیان لە گەڵ نەکراوە. لە بەر ئەوە، زانیاری تۆکمە لە سەرخەتەنەکردنی مێینە لە پارێزگاکانی هەرێمەکە بوونی نیە. بە تەنها تاوانبارکردنی دەسە تی هەریمایەتی و کاربەدەستان، بۆ گرنگی نەدان بە پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکەدا و بە هەند وەرنەگرتنیان وەک کێشەیەکی سەرەکی، بە تەنها کافی نیە.

ماوەیەکی زۆرە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە باکووری عێراق چالاکن و بە بێ دەستێوەردانێکی ئەوتۆی دەزگاکانی حکومەت کارەکانیان ئەنجامئەدەن. بۆ نموونە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ ماوەی دەیەیەک ئەچێت لە باکووری عێراق کار ئەکات. ئەم ڕێکخراوە زانیاری دەربارەی ئەو شوێنانەی کە ڕێژەی خەتەنە ئەگاتە ٦٠% کۆکردۆتەوە. بە م لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کاتێک خەتەنەکردنی مێینە نەبووەتە خەم بۆ کارمەندانی ڕێکخراوەکە. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نیە ئەگەر خەتەنەکردنی مێینە تا ئەم دوایانەش نەبووبێت بە ژمارە و مامە ەی لە گەڵ بکرێت. تەنها لە ساڵی ٢٠٠٤ بە دواوە، یەکەمین زانیاری لە سەر دیاردەکە بڵاوبووەوە و سنوورەکانی هەرێمەکی بەزاند بۆ دەروە. لە میانی کارەکانیاندا لە لادێکاندا، تیمە گەڕۆکەکان بە ڕێکەوەت زانیان کە ئەم دیاردیە هەیە.

ئەم تیمە گەڕۆکانە لە پزیشکێک و تویژەرەی کۆمە یەتی پێکهاتوون. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تیمەکان بۆ ڕێکخراوی وادی کار ئەکەن و خزمەتگوزاری پێشکەشی ئەو ئافرەت و کچانە ئەکەن کە بە هۆی شەڕ و دەربەدەری لە بچووکترین پەیداویستیەکانی ژیان مەحروومن. ئەم تیمانە گەڕۆکانە، خزمەتگوزاری کۆمە یەتی و یارمەتی پزیشکیان گریداوە بە هۆشیارکردنەوە کۆمە گا بە مافەکانی ئافرەتان و کێشەگەلێکی وەک خزمەتگوزاری تەندروستی و فێرکردنی منداڵ. هەندێک جار، یارمەتیدان و هاوکاری کراوە بە دەرگای چوونە ژوورەوە بۆ ناو کۆمە گای لادێکان. بە تێپەڕینی کات، ئافرەتان متمانەیان بەو تیمانەی "لە شارەوە هاتوون" پەیدا کردوە.

دوای ئەنجامدانی سەردانی ڕیکوپێک لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا، بۆ یەکەمین جار، ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئافرەتان دەستیانکرد بە قسەکردن لە سەر خەتەنەکردن و ئاکامەکانی لە سەریان. تیمەکانیش لە بەرامبەردا بەردەوام بوون لە پرسیارکردن؛ لە کۆی ئەو ١٥٤٤ ئافرەتەی کە لەو کاتەدا ڕاپرسیان لە گەڵ کرابوو، ٩٠٧ ووتیان کە خەتەنە کراون. ئەگەر ئەو ڕێکەوتە نەبووایە ڕەنگە خەتەنەکردن هەتا هەتایە هەر بەشاراوەیی ئەمایەوە.

دەسە تی هەرێمایەتی ناوچەکە بۆ یەکەم جارە کە ئاگادار ئەکرێتەوە لە سەر هەبوونی خەتەنەکردنی مێینە. زۆربەی ئەو ڕاپرسیانەی کە ئەنجامدراون، پشتگیری دۆزینەوەکانی ناوچەی گەرمیان ئەکەن. لە هەندێ ناوچەی وەک پشدەر بۆ نموونە، بینراوە کە خەتەنەکردنی مێینە تەنانەت لە ناوچەکانی تریش زۆرتر و بەربڵاوترە. لە ساڵی ٢٠٠٧ بە دواوە، تۆڕێک لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە پاڵپشتی WADI دروست بو، کە گرنگی ئەدات بە قەدەغەکردنی یاسایی خەتەنەکردن و هێنانەکایەی هۆشیاری لە سەر ئاکامە خراپەکانی خەتەنەکردنی مێینە لە سەر تەندروستی. لە ٢٠٠٧ و لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، تۆڕەکە هەسا بە کۆکردنەوەی ١٤،٠٠٠ واژۆ لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمداو هەروەها چەندەها پۆستەری و ئاگاداری لە ڕۆژنامە سەرەکیە ناوخۆیەکاندا بڵاوکردەوە. فلیم و برۆشوری هۆشیارکردنەوە و بابەتی میدیای لە تەلەفزیۆنەکاندا و سەنتەری زانیاری هاوڵاتیانیان لە ئاکامە ترسناکەکانی خەتەنەکردنی مێینەیان ئاگادارکردەوە. ئەم بەدواداچوون و تۆژینەوەی حاڵی حازر لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێیکرد. مەبەست لێی سەرکەوتن بوو بە سەر ئەو کەموکورتی و هەژاریەیە کە لە داتا و ژمارە و زانیاری هەیە لە سەر خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وە هەروەها کۆکردنەوەی زانیاریە لە سەر هۆکار و فاکتەرە یاریدەدەرکانی ئەم دیاردیە. ئەم زانیاریانە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی گرنگن؛ یەکەم، خەتەنەکردنی مێینە بە تەنها کێشەیەکی ئەفریقی نیە. دووەم، خەتەنەکردنی مێینە سەرەتاییترین مافە جیهانێکانی مرۆڤ پێشێل ئەکات و تاوانێکە دژی سەربەخۆیی سێکسی ئافرەتان و تەندروستی لاشەیان. ئەوانەی ئەم تاوانە ئەنجام ئەدەن لە هەر شوێنێک بن، یاساو ڕێساکانی ئەم بواری پێشل ئەکەن.

---

[6] بە گە لەسەر ئەمە ئەکرێت لە ڕێی بۆ نموونە کارەکانی فران هۆسکین بەدۆزرێتەوە؛ ڕاپۆرتی هۆسکین: خەتەنکردن و ئازاردنی سێکسی لە مێینەدا، چاپی چوارەم (تۆری هەواڵی نێوەدەوڵەتی ئافرەتان) لیکسنگتۆن، ماسیچوسیتس، ١٩٩٣)

### ١,٢ پرۆسەی ڕاپرسی

ئەم توێژینەوەی لە بەردەستاندایە، بە سەرپەرشی پرۆفیسۆر هوبیرت بیستە کە ئەندامی بەشی توێژینەوەی کۆمە یەتی زانکۆی لاندشوتە، ئەنجامدراوە. ئافرەتانی سەرو ١٤ ساڵی ناوچەی کوردستانی عێراق پێکهاتەی سەرەکی کەسانی بەشداربووی ڕاپرسیەکە بوون.

لە مانگی نۆی ساڵی ٢٠٠٧ ەوە هەتاکو مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٨، ١٦٩٢ ڕاپرسی بە پێ ستانداردی تەواو بۆ کچان و ئافرەتانی سەرو ١٤ ساڵدا ئەنجامدران. ڕاپرسیەکان وا داڕێژرابوون کە زانیاری لە سەر ڕێژەو بەربڵاوی خەتەنەکردنی مێینە و کارتێکردنی فاکتەرگەلی لە جۆری ناوچە و ئاستی خوێندن و ئاین و هۆز و هۆکاری ڕاگەێنراو لە لایەن ئەوانەی کە ڕاپرسیەکان بۆ کراوە، بدەن بە دەستەوە.

ڕاپرسیەکە بریتی بوو لە ١٥ پرسیار لە سەر ئاسی ژیان و باکگراوەندی خێزانی و ٨ پرسیار لە سەر سێکس و ڕیگەگرتن لە منداڵ بوون و ٢٨ پرسیار لە سەر خەتەنەکردن. ڕاپرسیەکی تریش هەبوو بۆ ئەو کچ و دایکانەی خوار تەمەنی ١٤ ساڵن، کە ٢٢ پرسیاری تری تیا بوو لە سەر خەتەنەکردی کچانی ئەو دایکانەی ڕاپرسیەکەیان بۆ ئەنجامدرابوو.

ئەو ڕاستیانەی کە لە ئەنجامی ڕاپرسیەکانەوە دەستکەوتن، ئەکرێت بۆ پلاندان و ئەنجامدانی پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە و یارمەتی دانی دەسە تدارانی ناوچەکە بەکاربهێنرێن. هەروەها ئەو ڕاستی و داتا و زانیاریانە پێویستە هیچ دوودڵیەکن نەهە ن لەسەر ئەوەی کە ئایا دیاردەی خەتەنەکردن هەیە لە ناوچەکەدا یاخود نا. بۆیە ئەم ڕاپرسیانە، بانگەوازێکن بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانێکانی تری چالاک لە ناوچەکەدا بۆ کارکردنی لە پێناو نەهێشتنی دیاردەی خەتەنە.

### ١,٣ کارنامە

لە مانگی هەشتی ساڵی ٢٠٠٧، تاقیکردنەوەیەکی بەرایی کە پ ک هاتبوو لە ١٢٠ چاوپێکەوتن لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووک ئەنجامدران. نزیکەی ٥% بەشداربووان، زانیاری زیادەیان دا لە سەر کچەکانیان کە تەمەنیان لە خوار ١٤ ساڵیەوە بوو. ئەمانەی دوایی بە هۆی فاکتەری ئەخلاقی تایبەت بە توێژینەوەکەوە نەئەبوو ڕووبەڕووی پرسیار بکرێنەوە. ئەم تاقیکردنەوە بەرایە بوار و زانیاری بە تیمەکان بەخشی بۆ ئەوەی چاو بە تەواوی ڕاپرسیەکە بخشێننەوە و بەرەو باشتری بەرن. هەروەها ئەنجامدەرانی ڕاپرسیەکە توانیان لە ڕێی ئەو تاقیکردنەوە و، ڕاپۆرت لە سەر کێشە و تەگەرەکانی بەردەم ڕاپرسیەکە پێشکەش بکەن. هە سەنگاندنی ئەو تاقیکردنەوە وای کرد چاو بە هەندێک لە پرسیار و وە مەکانی ڕاپرسیەکە بخشێنینەوە و گۆڕانکاریان بە سەر بێت.

بۆ دەستنیشانکردنی سوودمەندانی سەرەکی ڕاپرسیەکە و ئەو کەسانی کە ئەکرێت بەشداری بکەن، نموونە هەڕەمەکیەکە نەتوانرا بەکاربهێنرێت بە هۆی دەستنەکەوتنی داتا و زانیاری تۆکمە و جێی متمانە لە سەر ژمارە و کارکتەری ئافرەتانی دانشتووی باکووری عێراق. بۆیە ئەوانەی کە وە می پرسیارەکانیان دایەوە لە ڕاپرسیەکەدا بە نموونەیەکی ناهەڕەمەکی دانران لە ڕێی بە کارهێنانی ئامراز و ڕێگای هەڕەمەکی.

ئەم شێوازەی دەستنیشانکردنی نموونە، لە هەموو بەشەکانی هەرێمی فیدرالی کوردستان بە کارهێنرا؛ واتە لە هەرسێ پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و گەرمیان/ کەرکووکی نوێ. ناوچەی دوایی بە هۆیی فاکتەرگەلێکی تایبەت بە بارودۆخی ناوچەکە لە سەر کوردستان حسابی بۆ کراوە، ئەگینا بە ڕەسمی هەتاکۆ ئێستا بەشێک نیە لە هەرێمی کوردستان. ناوچەی گەرمیان/ کەرکووکی نوێ، بەشی باکووری پارێزگای دیالی و بەشی ڕۆژهە تی پارێزگای کەرکووک ئەگرێتەوە.

بە لە پێشچاوگرتنی کۆمە ە فاکتەرێکی لە چەشنی دابەشبوونی جوگرافی و ڕێژەی دانشتوانی شار بۆ لادێ و پێکهاتەی ئاینی و ئەتنی، لیستێک لە شوێنی دیاریکراو دەستنیشانکران. ئەو تیمانەی کە ڕاپرسیەکەیان ئەنجامدا، پابەند بوون بەو لیستەوە. لە هەر شوێنێکی ئەو ناوچانەدا، ژمارەیەکی دیاریکراوی چاوپێکەوتن ئەنجامدران. تیمەکان ماڵ بە ماڵ ئەگەران بۆ دۆزینەوەی ئەو ئافرەتانەی کە سەرو ١٣ ساڵ و ڕازیئەبوون کە چاوپێکەوتنەکە ئەنجامبدەن. بە پێی ڕاپۆرتەکان، ئەمە هەموو کاتێک کارێکی ئاسان نەبوو. لە لادێکاندا، ئافرەتان بە خۆشحاڵیەوە ئامادە بوون کە نیو کاتژمێر تەرخان کەن بۆ وە مدانەوەی کۆمە ک پرسیاری تایبەت. بە م لە شاردا کارەکە بە هەمان شێوەی ئاسان

نەبوو. ئەوانەی کە وە می پرسیارەکانیان ئەدایەوە، بە نەناسراوی ئەمانەوە. هەموو بەشداربووان ڕەزامەندی دەمی خوێان ئەدا. هیچ کەسێک لەوانەی کە وە می پرسیارەکانیان ئەدایەوە، پارەیان نەدراوەتێ. چاوپێکەوتنەکان لە ڕێی دوو کەسەوە ئەنجامدران کە پرسیارو وە مەکانیان بۆ بەشداربوو ئەخوێندەوە. ئەو کارمەندانەی کە پرسیارو وە مەکانیان بۆ بەشداربووان ئەخوێندەوە، لە کاتی پێویستدا ڕوونکردنەوەیان پێشکەش ئەکرد بە م بە هێچ شێوەیەک هاوکاریان نەئەکرد بۆ دەستنیشانکردنی وە مێکی تایبەت. وە می بێسەرەوبەری بەشداربووان دەستنیشانەئکران و چاکنەئکرانەوە. بۆ ئافرەت و کچانی خوار تەمەنی ١٤ ساڵ، فورمی تایبەتی زیادە هەبوو کە بۆ ئەوانەی کە منداڵیان هەیە تەرخانکرابوو.

ڕاپرسیەکە بریتی بوو لە ٧ پرسیار (جگە لە ٤ لاپەرەی تر کە پرسیارەکانی تایبەت بە دایکانی تیدا بوو). پرسیارەکان لە کاتی ڕاپرسیەکە و بە دەست پڕئەکرانەوە و وە مئەدرانەوە. ژمارەیەکی کەمی چاوپێکەوتنەکان نەتوانرا هە سەنگاندنیان بۆ ئەنجامبدرێت و ئەبوو وازیان لێبهێنرێت بە هۆی وونبوونی یەک یا زیاتر لە لاپەرەکانی ڕاپرسیەکە یا بە هۆی هەبوونی هە ە لە وە مدانەوەی پرسیارەکان. ئەو زانیاری و داتایانەی کە لە ئەنجامی ڕاپرسیەکە بە دەستهاتن لە ڕێی بەرنامەی SPSS و Excel 2007 ەوە هە سانگاندنیان بۆ کرا.

### ١,٤ کەیسی تایبەتی دهۆک

ڕێژەی بە دەستهاتووی ئەوانەی کە لە پارێزگای دهۆکدا خەتەنەکراون ١٠ جار لە ژمارەی ئەوانەی لە شوێنەکانی تری ناوچەکە خەتەنەکراون کەمتربوو. لە کاتێکدا کە ڕێژەکان ٧٧,٩% لە سلێمانی و ٨١,٢ %لە گەرمیان و کەرکووکی تازە و ٦٣% لە هەولێر بوون. لە دهۆک تەنها ٧% ئافرەتانی بەشداربوو خەتەنەکرابوون. ئێمە نەمانتوانی کە هۆکاری ئەم جیاوازیە گەورەیەی نێوان دهۆک و پارێزگاکانی تر بدۆزینەوە کە تەنها لە چوارچێوەی ئەو پارێزگایە ڕوویدا. هەندێک لە دانشتوانی پارێزگاکە ئەوەیان پێوتین کە لە ڕابووردوودا، خەتەنەکردنی ئافرەتان هەبووە بە م لە حاڵی حازردا وەستاوە. بە م سەرکەوتوو نەبووین لە دۆزینەوەی هۆکارەکانی وەستانی ئەنجامدانی خەتەنە لە پارێزگاکەدا.

لە هەمان کاتدا، کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر خەتەنەکردن لە پارێزگای دهۆکدا، ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بووەوە. بە هۆی ئەوەی کە WADI لە دهۆکدا ئۆفیسی نیە، بۆیە ستافی تایبەتی ڕێکخراوەکە بوونیان نەبوو بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە. لە ئەنجامدا، تیمی تازەی پێکهاتوو لە کەسانی نەناسراو دروستکران. ئەمەش بوو هۆی ئەوەی کە زانیاری تەواو نەبێت لە سەر شێوازی ئەنجامدان و ووردەکاریکانی پرۆسەکە.

بە گشتی دهۆک بە یەکێک لە ناوچە هەرە زەحمەتەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دائەنرێت. بۆ نموونە، ئەم دیاردەیە لە میانی ئەنجامدای توێژینەوەی " ڕاپرسی باری ژیانی عێراقیکان بۆ ٢٠٠٤" ی ڕێکخراوی UNDP دیسان ڕووبەڕووی توێژەران بووەوە[7].

ئەو نابەرابەریە گەورەیەی کە لە ئەنجامی ڕاپرسیەکاندا هەبوو و هەروەها ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ڕاپرسیەکە لە دهۆک بوونەوە وامان لێئەکات کە دان بەوەدا بنێن کە ئەو ژمارانەی لە دهۆک بە دەستهاتوون ڕەنگە تەواو نەبن. هەروەها ئێمە ناتوانین گەرەنتی ئەوە بکەین کە کەسانێک کە بەرژەوەندیان هەیە لەوەی داتاکان بە شێوەیەک لە شێوەکان بن، دەستکاری داتاکانیان نەکردبێت. هەربۆێشە بڕیارمان دا کە ئەو داتایانەی لە دهۆک بە دەست هاتوون وازی لێبێنین و بە هەندی وەرنەگرین، کە زانیارین لە سەر ٢٨٤ بەشداربوو لە وە پارێزگایە. لەم ڕاپۆرتەی لە بەردەستدایە، هیچ زانیاریەک لە سەر دهۆکی تیا نیە. زانیارێکانی ئەم ڕاپۆرتە پشت بە ١٤٠٨ چاوپێکەوتن ئەبەستن؛ ٥٦٥ یان لە هەولێر و ٥٣٤ لە سلێمانی و ٣٠٩ لە گەرمیان و کەرکووکی تازە ئەنجامدراون.

---

[7] باری گوزەرانی خە کی عێراق بۆ ٢٠٠٤. کە لە لایەنی وەزارەتی پلاندانەوە ئامادەکراوە، بەغدا، لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە چاپکراوە لە ٢٠٠٥
http://www.fafo.no/ais/middeast/iraq/imira/Tabulation%20reports/Content%20arabic%20reports.html

### ١,٥ دەربارەی هە سەنگاندن

هەموو ژمارە و داتاکان پشت بە ئەو ١٤٠٨ چاوپێکەوتنە ئەبستن کە لە سەرەوە باسی لێوەکرا. ئێمە بە بەردەوام چەختمان کردووە لە سەر شێوازی وتنی پرسیارەکان بە شێوازێک بێت کە مەبەست لە پرسیارەکە بە ڕوونی بگەیەنێت. بۆ نموونە ووشەی خەتەنەکردن، کە زۆر جار ویستوومانە نەیـ ن بۆ ئەوەی جیاوازیەکی ڕوون بکەین لە نێوان خەتەنەکردنی کوڕان و کچاندا کە ووشەی خەتەنە لەم کۆمەڵگایە زیاتر بۆ کوڕ بە کارئەهێنرێت. هەر بۆیە ویستمان زیاتر ووشەی FGMمان بەکارهێنا، کە باشتر دەریئەخات کە خەتەنەکردنی ئافرەتان چیە، کە ئەمەی دوایی بریتیە لە لابردنی هەر بەشێکی گرنگی لەشی ئافرەت. بۆ ئێمە لە چاوپێکەوتنەکانمان لە گەڵ بەشداربووان ووشەی "دەستکاری" یا "ئازاردانمان" بە کارهێناوە لە جیاتی خەتەنە. دایارە لە کاتی گفتوگۆ لە گەڵ بەشداربووان و لە سەر ئەرزی واقیعدا، باشترە کە ووشەی کورتکراوەو ئاسان بەکاربهێنرێت. بۆیە پرسیارەکانی ئەم ڕاپرسیە ووشی "خەتەنە" لە خۆ دەگرێ.

هەندێ جار، لەکاتی پێشاندانی داتاو ژمارەکان ووتراوە " ڕێژەی ئەوانەی کە وە میان داوەتەوە". ئەمە بۆ ئەوە پێشاندراوە بۆ ئەوەی خۆێنەر لەو ڕاستیە ئاگاداربێت کە ئەو بەشداربووانەی کە وە میان نەداوەتەوە، شاردراوەنەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر چەخت لە سەر قورسی وە مدانەوەکان بکرێت. هەندێک جار، تەنها هۆکار بۆ وە م نەدانەوە، ئەوە بووە کە پرسیارەکە پەیوەندی بە بەشداربوو نەبووە یا ئەمەی دوایی وای هەست کردووە کە پرسیارەکە پەیوەندی بەوەوە نیە. بۆ نموونەوە ئەو ٢٧% ئافرەتەی کە خەتەنە نەکراون، وە مى هیچ پرسیارێکیان لەسەر خەتەنەکردنیان نەداوەتەوە. هەروەها پرسیارەکانی تایبەت بە دایکان و کچانی خوار ١٤ ساڵ، تەنها لە لایەن ئەو ٤٢٤ بەشداربووەوە وە مدراونەتەوە کە ڕاپرسیەکە شمولیانی ئەکرد.

زۆربەی زۆری پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە، لە یەک وە م زیاتریان بۆ دانرابوو. بۆ ئەوەی قورسایی ڕاستی وە مەکان دەستبکەوێت، چەند وە مێک پێشکەشکرابوو بۆ وە مدەر کە لە نێوانیاندا یەکێک هەبژێرێت. ژماردنی وە مەکان بەم شێوازە ئەنجامدرا؛ بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە وە مێک زیاتریان بۆ هەبژێردرا بوو، قورسایی ئەو پرسیارە بە سەر وە مە دەستنیشانکراوەکاندا دابەشکرا.

.٢

**ڕاپرسی**

**٢,١ ڕێژەی خەتەنەکردن**

ڕێژەی گشتی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی فیدرالی کوردستانی عێراق، بە بێ پارێزگای دهۆک ئەگاتە ٧٢,٧%. ئەم ڕێژەیە زۆرترە لەوەی کە پێشتر پێشبینی لێوە دەکرا کە ٦٠% بوو. لە پارێزگای هەولێر بە بەراورد لە گەڵ پارێزگاکانی تردا، ڕێژەکە کە ئەگاتە ٦٣% کەمترە. هەرچی پارێزگای سلێمانیە، ڕێژەکە ٧٧,٩% و گەرمیان و کەرکووکی نوێش ئەگاتە ٨١,٢%. (تەماشای وێنەی ژمارە ١ بکە)

**وێنەی ژمارە ١، ڕێژەی خەتەنەکردن بە پێی پارێزگاکان**




لە حاڵی حازردا، ئەگەرەکانی ئەوەی کە کچێک لە خەتەنەکردن ڕزگاری بێت، باشتر و زۆرترن لەوەی کە دەیەک پێش ئێستا هەبوون. لە نێو کچانی خوار تەمەنی ٢٠ ساڵیدا، ڕێژەی خەتەنەکردن ٥٧% یە، و لە نێوان تەمەنی ٣٠ تا ٣٩ ساڵدا ٧٣,٨% یەو ڕێژەکە بۆ ٩٥,٧% لە ئافرەتانی سەرو ٨٠ ساڵدا ڕێژەکە ئەگاتە ٩٥,٧%. (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢).

**وێنەی ژمارە ٢، ڕێژەی خەتەنەکردن بە پێی تەمەن**




| age group | 14-19 | 20-29 | 30-39 | 40-49 | 50-59 | 60-69 | 70-79 | 80-89 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | 57.0% | 67.4% | 73.8% | 75.3% | 84.7% | 78.0% | 79.1% | 95.7% |
| هەولێر | 56.9% | 52.7% | 67.2% | 70.7% | 68.6% | 64.2% | 65.1% | 80.0% |
| سلێمانی | 59.0% | 76.4% | 81.4% | 74.4% | 89.6% | 90.6% | 86.2% | 100.0% |
| گەرمیان/ کەرکوکی نوێ | 51.7% | 76.0% | 74.0% | 86.5% | 97.4% | 100.0% | 100.0% | 100.0% |

هەروەها جیاوازی تر لە نێوان ناوچەکاندا. بۆ نموونە، لە گەرمیان و کەرکووکی تازەدا، ڕێژەی ئەوانەی سەرو ٦٠ ساڵن و خەتەنەکراون ئەگاتە ١٠٠% بە م لە هەولێر "تەنها" ٦٥,٨%. لە سلێمانی و گەرمیاندا، کەمبوونەوەیەکی زۆر گەورە هەیە بە ڕێژەی ٢٠% بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە خوار ٢٠ ساڵیەوەن. لە هەولێردا، ئەم کەمبوونە لە تەمەنێکی کەمتر ڕوویداوە. لە ڕاستیدا، زیادبوونێکی کەمی ڕێژەکە ئەبینرا لە هەولێر. ئەم شێوازە بە گشتی ڕەنگە بەردەوام بێت چونکە تەنها ٤٢،٢% ئەوانەی ڕاپرسیان لە گەڵ کراوە وتیان کە خەتەنەکردنی ئافرەتان هێشتا بەربڵاوە لە کۆمەڵگاکانیاندا. ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە خەتەنەکردن ئێستا ڕەنگە لە خوار ٥٠% ەوە بێت.

بۆ دەستنیشناکردنی ڕێژە هەنووکەیەکان، چاوپێکەوتن ئەبێت لە گەڵ دایکاندا ئەنجامبدرێت بۆ لێکۆ نەوە لە هە سوکەوتەکانیان. ئەمە لە ڕێی ڕاپرسیەکی تر کە بۆ دایکان تەرخانکراوە ئەنجامدرا، هە بەت بە بەشداربوونی ژمارەیەکی کەمتر کە ٤٢٤ دایکە. کە پرسیاری ئایە کچەکانت خەتەنە کراون، ٣٤,٤% بەشداربووان بە هەموو یا هەندێک وە میان داوەتەوە. بە م ئەو ژمارەیە ئەو دایکانە ناگرێتەوە کە هێشتا کچەکانیان خەتەنەکراون چونکە ئەمانەی دوایی نەگەشتوونەتە تەمەنی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی خەتەنە، یا بوار لە بەردەم دایکەکان نەڕخساوە کە خەتەنەیان بکەن. هەر بۆیەشە ئەو ژمارەیەی سەرەوە زۆر گەورە نیە. تەنها ١٠% بەشداربووان وتیان کە کچێکی تریشیان خەتەنە ئەکەن. بە م لە بەرامبەردا نزیکەی چارەکێکی باشداربووان، ئامادەنەبوون وە می ئەو پرسیارە بدەنەوە. هەرچەندە ئەو ئەنجامانە زۆر بە کەمی یارمەتی ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە ئەدەن، بە م پیشانی ئەدەن کە کێشەکە پەیوەندی بە لۆمەکردن و شەرمەوە هەیە بە تایبەتی هەست بە تاوان کردن لە لایەن ئەوانەی کە خەتەنە ئەنجامئەدن یاخود ڕێگەی پێئەدەن.

ئەو ڕێژەیەی کە دۆزراوەتەوە بۆ خەتەنەکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە. بۆ نموونە بۆمان دەرکەوت کە دیارترین جیاوازی لە ناو شاری هەولێردا هەیە. لە شوێنەکانی عینکاوە و بەحرکە و کانی کانی ڕێژەکە ٠%. لە قوشتەپە ١٠% و لە شاویس و سەربان هەریەکە ڕێژەکە گەیشتە ٧٧,٨%، لە دوستاپە و دارەتوو زیاتر لە ٨٠%، لە قەزای هەولێر خۆیدا، ڕێژەکە لە نێوان ٥٠% و ١٠٠% بوو. هەروەها، ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەتەنەکردن لە ناوچەی مێرگەسوور، ٢٧,١% و پێنجوێنی ڕۆژهە تی سلێمانی ١٧,٥% و قورەتوو لە پارێزگای دیالی ١٦,٧% بینرا. لە شاری کەلاردا کە نزیکی قورەتووە، ڕیژی ٩٤% مان بەردەستکەوت. هەروەها ڕێژەیەکی گەورە لە ناوچەکانی دەوروبەری دوکان هەبوون، لە ڕانیە ٩٥,٥% و قە دزی ٩٧,٤% و دوکان ٩٤,٤% ، لە چۆمانیشدا

ڕێژەکە ٩٧,٣% و لە ناوچەیەکی خواری زێی دووکان کە پیرەمەگروون و تەکیە و هالای سەرچاوە ڕێژەکە لە هەریەک لەو شوێنانە ١٠٠% بوو. ئەم ژمارانە ئەبێت مامەی تەنها ژمارەی ڕووتیان لە گەڵ بکرێت چونکە هەندێکیان پشت بۆ نموونە ٩ بەشداربوو ئەبەستن لە هەندێ حاڵەتدا.

### ٢,٢ ڕێژەی شار بۆ لادێ

ئەنجامەکانی ڕاپرسیەکە ئەو گریمانەیە پشتراست ناکەنەوە کە ڕێژەی خەتەنەکردن لە لادێدا زۆرترە وەک لە شار. بە پێچەوانەوە، ئەو ڕێژانەی کە لە لادێکاندا دەستمان کەوتووە دەرکەوتن کە لە شار نزمترن. بەم جۆرە، ٦٩,٢% ی ئەوانەی کە وە می پرسیارەکانیان داوەتەوە لە لادێدا ئە ن کە خەتەنەکراون. ئەمە بە بەراورد لە گەڵ ڕێژەی ٦٠,٤%ی ئەوانەی کە لە شار دەژین و ٧٤,٨% کە شارو شارۆچکەدا دەژین.
زۆربەی شارو شارۆچکەکانی باکووری عێراق مێژوویەکی دوورودرێژیان نیە. تەنها لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٨٠دا بوو کە ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکانە بە خێرایی زیادی کرد بە هۆی پرۆسەی ئەنفالی ڕژێمی صدام حسین و دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری دانشتوانی لادێکان و گواستنەوەیان بۆ شار و شارۆچکەکان. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ئە ت کە بە تەنها لە نێوان مانگی دوو و نۆی ١٩٨٨دا، بە لای کەمەوە ٥٠٠٠٠ و نزیکەی ١٠٠٠٠٠ هاوڵاتی کورد کوژراون.[8] هەزارەها گوند و لادێ لەلایەن سوپای عێراقەوە هێرشی کیمیایی کراوەتە سەرو وێران کراون. پیاوەکان سەرنگوم و دواتر کوژراون و ئافرەتەکان لاقە کراون. سەدەها هەزار لەوانەی کە بە زیندووی ماونەتەوە، کە زۆربەیان ئافرەت بوون، بە زۆر لە جێگای خۆیان یا بۆ شارەکان وەیا بۆ شوێنی تایبەت

[8] ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، جینوساید لە عێراقدا: پرۆسەی ئەنفال لە دژی کوردەکان (نیویۆرک، ١٩٩٣). http://www.hrw.org/legacy/reports/1993/iraqanfal/

کە پێی ئەوترێت کۆمەڵگای زۆرەملێ دەربەدەر کراون. ئەمانەی دوایی دواتر بوون بە شوێنی بەردەوامی نیشتەجێی ئەو خانەوادە دەربەدەرکراوانە. لەوێدا، تاکەکان بە بێ ماڵ و پارە و هەلی کار ڕۆژ و شەویان بەسەر ئەبرد و بە تەواوەتی پشتیان بە یارمەتیە زۆر کەمەکانی حکومەتی ئەو کاتەی عێراق ئەبەست. وێنەی داهاتوو شوێنی لە دایکبوونی نەوەی جیا جیای ئەو کاتە پیشانئەدات کە شایتحاڵی ئەو مێژووە پڕ لە ئازار و نەهامەتیەن.

**وێنەی ٣ ، شوێنی لە دایکبوون- بە پێی تەمەن**



زۆرێک لەوانەی کە ئەمرۆ لە شارەکاندا ئەژین، لە لادێکانەوە هاتوون. بە م بە گوێرەی دۆزینەوەکانی ئێمە، ژینگەی شار کارێکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر ڕێژەکانی خەتەنەکردنی ئافرەتان. لە ئەمڕۆدا، خەتەنەکردن بە لانی کەمەوە، ئەوەندەی لە لادێکاندا باوە هەر ئەوەندە و بگرە زیاتریش لە شارەکاندا هەیە.
یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم دۆزینەوە سەرسورهێنەرە ئەشێ هاتنە ناوەوەی شارەوە بە شێوازێکی گشتگیر و بە کۆمەڵ دروست بوو. زۆر جار کۆمە گایەک بە یەکەوە لە شوێنی خۆیان گواستراونەتەوە بۆ شوێنە تازەکانیان لە نزیکی شاردا. بۆیە لەو کاتانەدا دەوروبەری کۆمە یەتی ئەو خە کە گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. هە سوکەوتی خە کەکە بە خەتەنەکردنی مێینەشەوە گۆڕانگاری بەسەردا نەهات و بگرە زیاتریش بوو لە بەر ئەوەی ئەو جۆرە هە سوکەوتانە بەشێک بوون لە ئاکار و هە سەوکەوت کە خە کە تازەکەی لەوانی تر جیا ئەکردەوە بووە هۆی پێدانی ڕێگایەک بۆ مانەوەی کۆمە گا گواستراوەکان بە یەکگرتووی.
گواستنەوە بۆ ژینگەی شار لێرەدا نەبووە هۆی سەرهە دانی پرۆسەی بە تاکە کەس بوون. ئەمەی دوای لە زۆربەی کاتەکاندا لە شارەکانی خۆرهە تی ناوەڕاست دەگمەنە. لەو شارانەدا ژیان وەک ئەوەی لە شارە گەورەکانی ئەوروپا هەیە کە بە ، جیاوازی و نەناسینی خە ک کاڵبوونەوەی پەیوەندیە کۆمە یەتیەکان ناسراوە نیە.
بە م لە هەمانکاتدا، ڕێژەی خەتەنەکردن لە نێوان ئەو ئافرەتانەی کە لە لادێدا لە دایک بوون زۆرترە کە دەگاتە ٨٣,١% بە بەراورد لە گەڵ ئەو ئافرەتانەی کە لە شار و شارۆچەکەکاندا لە دایک بوون کە ٦٣,١% یە. ئەم جیاوازیە بە هۆی گۆچ بۆ شار کەمبووەتەوە.
وە مێکی هاوشیەوەی ئەوەی سەرەوەمان دەستکەوەت بۆ پرسیاری "ئایا خەتەنەکردنت بۆ کچ یا کچەکانت کردووە". ٣٧,٧% ئەو دایکانەی کە لە لادێکاندا ئەژین ووتیان کە خەتەنەیان بۆ هەموو یا هەندێک لە کچەکانیان کردووە ئەمە بە بەراورد لە گەڵ ٣٤,٢% ئەو ئافرەتانەی کە لە شاردا ئەژین. کاتێک کە شوێنی لە دایک بوون ئەخرێتە پێش چاو ئەوا جیاوازیەکی گەورە بە دی ئەکرێت. بۆ نموونە، ٤١,٩% لەو ئافرەتانەی کە لە لادێدا لە دایک بوون بە " بە ی، خەتەنەم بۆ هەموو یا هەندێک لە کچەکانم کردووە" وە میان دایەوە لە کاتێکدا تەنها ٢٥,٥% ئەوانەی کە لە شاردا لە دایک بوون هەمان وە میان بۆ پرسیارەکە هەبوو.

### ٢,٣ جۆرەکانی خەتەنە
ڕاپرسیەکە وێنەیەکی لە سەر کۆئەندامی زاوزێی ئافرەتی تیدا بوو، لە وێنەیدا شوێنی خەتەنەکردن دەستنیشانکرابوو. ئەو شوێنانەمان بۆ سێی جۆر پۆلێن کرد. (پۆلێن کردنەکەی ئێمە وەک ئەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نیە).
جۆرەکانی خەتەنەکردنمان بەم شێوەیە پێناسە کرد؛ جۆری یەکەم: لێکردنەوەی پیتکە، جۆری دووەم: لێکردنەوەی پیتکە و بەشی ناوەوەی کۆئەندامی زاوزێ، جۆری سێیەم: پیتکە و بەشی ناوەوە و دەروەی کۆئەندامی زاوزێ.
بە نەسبەت بەربڵاوەی ئەم جۆرانەوە، بۆمان دەرکەوت کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان پارێزگاکاندا. (وێنەی ژمارە ٤ )

**و نەی ژمارە ٤، جۆری خەتەنە - بە پێی پارێزگا**




| | هەولێر | سلێمانی | گەرمیان/کەرکوکی نوێ |
|---|---|---|---|
| هیچ کامیان/ خەتەنە نەکراوە | 60.0% | 32.4% | 20.4% |
| جۆری یەک | 35.2% | 63.5% | 12.9% |
| جۆری دوو | 4.6% | 4.1% | 42.7% |
| جۆری سێ | .2% | .0% | 23.9% |

ئەگەر ئەم دۆزینەوانە ڕاست بن، ئەوا لە گەرمیان و کەرکووکی نوێدا زۆرترین بەشی کۆئەندامی زاوزێی ئافرەتان لێئەکرێتەوە بە بەراورد لە گەڵ ناوچەکانی تری کوردستانی عێراق. بۆ نموونە، ٤٢,٧% ئافرەتانی گەرمیان و کەرکووکی نوێ ووتیان کە جۆری دووەمیان بۆ ئەنجامدراوە. لە سلێمانی و هەولێردا، جۆری دووەم تەنها لە ه ی نیوان شاری هەولێر و پشدر (ڕانیە/قە دزێ) ئەنجامدراوە کە لەم ه ه ناوچەیەدا، نزیکەی ١٠% ئافرەتان جۆری دووەمی خەتەنەیان بۆ کراوە. وەهەروەها جۆری سێەمی خەتەنەکردن کە ئەتوانین ب ن لە ناوچەکانی تردا نیە، ٢٣,٩% ئافرەتانی گەرمیان و کەرکووکی نوێ ئەم جۆریان بۆ کراوە. بە م پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامە ە لە گەڵ ئەم دۆزینەوانە بکەین. چونکە کۆمە ک پرسیاری تر ماونەتەوە کە پێویستیان بە وە مە؛

ئایا ئەتوانین پشت بەو نیشانانە ببستین کە لە سەر وێنەکان دانراون؟ ئایا ئەوانە تەنها نیشاندەری تایبەتمەندی شێوازی شیکردنەوەی تیمەکان نیە بۆ وێنەکان؟

ئایا ئافرەتەکان خۆیان ئەو زانیاریەیان هەیە کە بتوانن دەستنیشانی جۆری خەتەنەکە بکەن و زانیاری تەواومان بدەنێ لە سەر لەشی خۆیان؟

بۆچی کارمەندەکانمان هیچ زانیاریەکیان پێ نەگیشتووە لە سەر ئەو جۆرە جیاوازانە؟

بۆچی ئەو ئافرەتانەی کە جۆرە زۆر خراپەکانی خەتەنەیان هەیە تا ڕادەیەک کەمترئاکامی خراپیان لە دەرەنجامە خەتەنەکە هەبوو؟ تەماشای وێنەی ژمارە ٥ بکە

**وێنەی ژمارە ٥**

| **ڕێژەی ئەوانەی کە کێشەیان لە دەرئەنجامی خەتەنەکردنەکە ڕاگەیاندووە** | |
|---|---|
| نیە | 4.3% |
| جۆری یەکەم | 26.5% |
| جۆری دووەم | 17.2% |
| جۆری سێیەم | 21.3% |

ئێمە زۆر بە پەلە داوای ئەنجامدانی توێژینەوەی باشتر و ووردتر ئەکەین بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە.

**٢,٤. پرۆسەی خەتەنەکردن**

**٢,٤,١ شوێنەکان**

زۆربەی هەرە زۆری خەتەنەکردنەکان لە ناو ماڵی خودی خێزانەکان یا لە ماڵی دراوسێکاندا ڕووی داوە. (وێنەی ژمارە ٦). بۆیە پزیشک یا دەزگای ڕەسمی لەم پرۆسیەدا بەشدار نەبوون.

**وێنەی ژمارە ٦**

| **شوێنی ئەنجامدانی خەتەنە** | |
|---|---|
| لە ماڵەوە | %٨٠ |
| لە خەستەخانە | %٠١ |
| لە ماڵی دراوسە | %١٣,٥ |
| هی تر | %٦,٤ |

لـ کردنەوە و بڕینی پیتکە بەشی شێری بەرکەوتووە لە پرۆسەی خەتەنەکردندا. ئەگەر دۆزینەوەکانی ئێمە ڕاست بن ئەوا ئەو لێکردنەوەو و بڕینانە هەندێ جاربە پێی شوێنەکان ئەگۆڕێت و لە گەڵ لێکردنەوەی پیتەکەدا، هەندێک بەشی تریش کە لە دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێن دەگرێتەوە.

**٢,٤,٢. ئامرازەکان**

لە وە مى پرسیاری چی ئامرازێک بەکارهێنراوە بۆ خەتەنەکردن، زۆربەی زۆری بەشداربووان وتیان، مووسیان بۆ بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی خەتەنە. تەنها ١% بەشداربووان وتیان چەقو بەکارهاتووە. ئەگەر هەموو ئەو جیاوازیە گەورانە لە پێش چاو بگرین کە لە نێوان ناوچەکاندا هەیە ئەوا بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەم یەکدەنگیە لە سەر بەکارهێنانی مووس شتێکی سەرسورهێنەر و مایە تـ امانە. ئەتوانین ئەو ڕاستیە وەک بە گەیەگ بۆ هەبوونی هاوبەشیەک لە شیوازی ئەنجامدانی خەتەنەکردن لە نێوان هەموو ناوچە کوردنیشینەکان و دەوروبەری.

### ٢,٤,٣ ئەنجامدەرانی خەتەنە

لە ٨٠,٧% حاڵەتەکانی خەتەنەکردندا، دایکان دەستنیشانکراون بەوەی کە ئامادەباشیان کردووە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە. بە دەر لە دایک، تەنها داپیرە و لە هەندێک حاڵەتدا پوور و خوشکیش دەستنیشان کراون. بە زۆری (٧٧,٦%) دایک لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا ئامادە بووە. جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان پارێزگاکاندا نەبووە سەبارەت بەم پرسیارە.

بە م دایکان زۆر بە کەمی خۆیان خەتەنەکەیان ئەنجامداوە. ئەم دۆزینەوە لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر جیاوازی هەیە (وێنەی ژمارە ٧). لە هەولێر بۆ نموونە، داپیرەکان لە هەموو کەسێک زیاتر خەتەنەیان ئەنجامداوە، کە ڕێژەکە دەگاتە ٣٥,٦%. لە سلێمانی "ژنی پیر" پلەیی یەکەم بە دەستهێناوە بە ڕێژەی ٤١%. ژنی پیر ئەو ئافرەتانەن کە شارەزای خەتەنەکردنن و هەندێ جار لە لادێکاندا ئەژین و جاری واش هەیە لە شوێنێک و لادێکەوە بۆ لادێکی تر هاتوچۆ ئەکەن و لە بەرامبەر پارەیەکی کەمدا خەتەنە ئەنجام ئەدەن. سەرووی ٣٥% وە مدەرەکان بە هی تر وە میان داوەتەوە. لە گەرمیان و کەرکوکی نوێدا، ئەو ئافرەتانەی کە بە هی تر وە میان داوەتەوە، لەو ڕێژەیەی سەرەوە زیاتر بوون. توێژینەوە و شرۆڤەکردنی زیاتر پێویستە بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەو هی ترەوە مانای گرۆپێکی تایبەت لە ئەنجامدەرانی خەتەنەکردن.

.

**وێنەی ژمارە ٧، ک خەتەنەی کردی- بە پێی پارێزگا**




| | هەولێر | سلێمانی | گەرمیان/ کەرکوکی نوێ |
|---|---|---|---|
| هی تر | 17.3% | 35.3% | 50.2% |
| پیرە ژن | 20.1% | 41.0% | 14.2% |
| دەرواسێ | 11.3% | 9.8% | 8.3% |
| ئافرەتی خزم | 6.1% | 4.1% | 17.6% |
| پور | 2.8% | 3.6% | 3.2% |
| داپیرە | 35.6% | 4.1% | 5.1% |
| دایک | 5.3% | 1.8% | 1.4% |

Note: proportion of those who gave answer

وە می ئەو ئافرەتانەی کە کچەکانیان خەتەنە کراون پیشانی ئەدات کە داپیرە زۆر جار پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانەکە بوون. لە ٢٢% وە مدەرەوەکان لە ئەنجامی داواکاری خەسووەکانیان ئامادەکاریان بۆ خەتەنەکردنی کچەکانیان کردووە. (وێنەی ژمارە ٨) بۆیە خەسوو زیاترین کەسە کە پاڵنەری دایکانە بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردن.

**وێنەی ژمارە ٨، ک  ئامۆژگاری کردی خەتەنە بکەیت؟**




**٣**

**٣,١ کارتێکردنی خوێندەواری**

٣,١,١ ئاستی خوێندەواری ئافرەتان

ڕێژەی خوێندەواری نیشانەیەکی گرنگی ئاستی خوێندنی هەر کۆمەڵگایەکە. لە باکووری عێراقدا، نەخوێندەواری زۆر لە نێو پیاوان و ئافرەتاندا بەربڵاوە. بە م ڕێژەکە لە نێو ئافرەتاندا زۆرترە تا پیاوان. بە گوێرەی توێژینەوەکانی ئێمە ڕێژەی نەخوێندەواری لەو ئافرەتانەی کە سەرو تەمەنی ١٤ ساڵیەوەن لە ناوچەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (جگە لە دهۆک) ئەگاتە ٥١,١% (تەماشای وێنەی ژمارە ٩) بکە. لە پێنج ئافرەتدا، چواریان تەنها خوێندنی سەرەتاییان تەواو کردووە. لەو ئافرەتانەدا، ٨٧,٩% دایکیان و ٧٢% باوکیان نەخوێندەوارن.

**وێنەی ژمارە ٩**

| | |
|---|---|
| **ئاستی خوێندەواری ئەوانەی کە ڕاپرسیان لە گەڵ کراوە** | |
| نەخو ندەوار | 51.1% |
| ئەنووسـ و ئەخوێنێتەوە | 12.7% |
| خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە | 15.8% |
| خوێندنی ناوەندی تەواوکردووە | 10.2% |
| دبلۆم (پەیمانگا) | 4.0% |
| بکالۆریۆس (زانکۆ) | 1.9% |
| هی تر | 4.3% |

هەلی خوێندن لە بەردەم نەوەی تازەدا زۆر باشتر بووە. لە نێوان ئەو کچ و ئافرەتە گەنجانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٤ و ١٩ ساڵیدایە، ڕێژەی نەخوێندەواری تەنها ١٠% یە. ( وێنەی ژمارە ١٠ ). بە م ڕێژەکە لە گەڵ تەمەندا بەرەو ژوور ئەبێتەوە. لە نێوان ئەو ئافرەتانەی لە لە بیستەکانی تەمەنیاندان ڕیژەکە ٢٨,٣%یە.

**وێنەی ژمارە ١٠، خۆێندەواری ئافرەتەکان، بە پێی تەمەن**




زۆر بە کەمی جیاوازی هەیە لە نێوان شار و لادێدا بە نیسبەت ڕێژەی خوێندەواری. بارودۆخەکە لەو میانەدا زۆر یەکسانە. لە کاتێکدا نەخوێندەواری لە ئافرەتاندا ٥٣,٧% لە لادێکاندا، ئەو ڕێژەیە ٥٠,٤% لە شارو شارۆچکەکاندا.

**وێنەی ژمارە ١١، نەخۆێندەواری بە پێی تەمەن، بەراوردی شار و لادێ**




گەرمیان و کەرکووکی نوێ ئەو پارێزگایەیە کە زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەواری تێدایە کە ئەگاتە ٥٦%. (وێنەی ژمارە ١٢).

**وێنەی ژمارە ١٢، ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگاکاندا**




جیاکردنەوەی بەشداربووان بە پێی تەمەنیان پیشانی ئەدات کە هەلی خوێندن بۆ کچان لە ماوەی ١٠-١٥ ساڵی پێشوودا زۆر باشتر بووە، بە تایبەتی لە لادێدا. (وێنەی ژمارە ١١)

### ٣,١,٢ پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندن و خەتەنەکردنی مێینە ندا

وێنەی ژمارە ١٣ بەراوردێک لە نێوان ڕێژەی خەتەنەکردن لە لادێ و شاردا پیشانئەدات بۆ تەمەنی جیا جیا. هەروەکو ئاستی خوێندەواری، ڕێژەی خەتەنەکردنیش زۆر بە کەمی جیاوازی هەیە لە نێوان شار و لادێدا (وێنەی ژمارە ١٣)

**وێنەی ژمارە ١٣، ڕێژەی خەتەنە بە پێی تەمەن، بەراوردی شار و لادێ**




بە پێی وێنەی ژمارە ١١، ڕێژەی خەتەنەکردن لە نێوان ئافرەتانی گەنجدا، بە بەراوەرد بە ڕێژەی نەخوێندەواری، بەرزە و تەنها بە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئافرەتانی بە تەمەنتر کەمترە. لە گەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان نەخوێندەواری و خەتەنەکردندا زۆر بە ڕوونی نیشاندراوە. (وەک ئەوەی لە خوارەوە نیشاندراوە، نەخوێندەواری لە منداڵدا زۆرمان پ ئە ت لەسەر ئاستی خوندەواری باوان). لە کاتێکدا ڕێژەی خەتەنەکردن لە نێوان نەخوێندەواراندا ئەگاتە ٨٤%، ڕێژەکە ٥٧,٦% یە لەوانەی کە خوێندنی ناوەندیان تەواو کردووە و "تەنها" ٣٧% لەنێو ئەوانەی کە بڕوانامەی زانکۆیان هەیە. (وێنەی ژمارە ١٤). ئەنجامگیری هاوشێوەش لە مەڕ ئاستی خوێندەواری پیاو و باوک و دایکی ئافرەتە خەتەنەکراوەکان ئەتوانرێ بکرێت (بە تایبەتی ئاستی خوێندەواری دایک).

ئەم پەیوەندیەی نێوان ئاستی خوێندەواری و ڕێژەی خەتەنەکردن، هەروەها لە سەر ئاستی داتای تایبەت بە ناوچەکانیش بەرجەستە ئەبێت. بەم شێوەیە، ڕێژەی بەرزی خەتەنەکردن لە نێوان ئافرەتانی دانشتووی گەرمیان و کەرکووکی نوێ، بەرامبەرە بەو ڕێژە بەرزەی نەخوێندەواری کە لە ناوچەکەدا هەیە کە ئەگاتە١. ٥١% لە گەرمیان و ٤٨,٣% لە کەرکووکی نوێ. لە هەولێر ئەنجامدەرانی ڕاپرسیەکە ئەو ئافرەتانەی گرتۆتەوە کە سەرو ٦٠ ساڵن و ئەتوانن بنووسن و بخوێنن. لە پارێزگاکانی تردا ئەم کارە نەکراوە. دۆزینەوەیەکی ترسناکی ناوچەی گەرمیان و کەرکووکی نوێ ئەوەیە کە ١٣,٨% لە ئافرەتان نەخوێندەوارن، تەنانەت لەو ئافرەتانەی کە لە نێوان تەمەنی ١٤-١٩ ساڵیدان. ئەمە بە ڕێژەی ٥% لە سەرووی پارێزگاکانی تردایە.

**وێنەی ژمارە ١٤، پەیوەندی نێوان نەخوێندەواری و خەتەنە**




به م بە گوێرەی وێنەی ژمارە ١٣، خوێندنی (بنەڕەتی) بە تەنها کلیلی ڕووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردن نیە. ئەگەر وا بوایە ئەوا ئەبوو دابەزین و کەمبوونەوە لە ڕێژەی خەتەنەکردنمان لە نێوان ئەو ئافرەتە گەنجانەدا ببینیایە کە بە هەمان شێوە ئاستی نەخوێندەواریان دابەزیوە.

بە هەر حاڵ زۆر پێویستە کە تێبگەین کە هەبوونی هاوکاتی کۆمە ک نیشانە، مانای ئەوە ناگەیەنێ کە یەکێکیان هۆکاری ئەوی تریانە. هاوکات بوونی چەند فاکتەرێکی تر ڕەنگە زۆر جار بە هۆی دروستبوونی نیشانەی تری هۆکاری نەناسراو بن کە هیچ پەیوەندیەکیان بە فاکتەرە سەرەکێکەوە نیە. لێرەدا، ئاستی خوێندەواری ئەکرێت بە نیشانەی بارێکی کۆمە یەتی فراوانتری بێت کە پاڵنەرو ئاسانکەری ئەنجامدانی خەتەنەکردنن.

بە لە بەر چاو گرتنی وێنەی ژمارە ١٤، خوێنەر ئەبێت قورسایە بەراوردکاریەکانی کایە جیاوەزەکانی ژمارەی گشتی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە بخاتەوە بیری خۆی. تەنها ٢٧ لەو ١٤٠٨ ئافرەتەی چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە، دەرچووی زانکۆن.

**٣,١,٣ کارتێکردنی ئاستی خوێندەواری باوان**

ئێشکردنی ئافرەت نیشانەی ئاستی خوێندەواریە. لەو ئافرەتانەی کە چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە، ٨,٢% یان قوتابی، خوێندکاری زانکۆ یاخود لە ژێر ڕاهێناندا بوون. لە نێوان دایکان دا، تەنها ٦,٣% یان کاریکیان هەبوو و زۆربەی ئەوانەش لە کەرتی گشتیدا کارمەند بوون. بە م ئەبێت ئەوە بزانین کە ژمارەیەک لەو ئافرەتانەی کە بە "ژنی ماڵەوە" ناونراون، ئەکرێت خانەنشینکرابێتن.

ئەگەر دایکێک خوێندەواری باشتر و کارێکی باشی هەبێت مانای هەلی کار و خوێندن باشترە بۆ کچەکەی.

**وێنەی ژمارە ١٥، خوێندەواری و کاری کچ بە پێی کاری دایک**




کارکردنی باوک، کارتێکردنێکی گەورەتری هەیە لە سەر هەبوونی هەلی خوێندن و کار بۆ کچەکانیان. باوکان بە زۆری لە کەرتی گشتی کار ئەکەن؛ ٣٧% لە خزمەتگوزاری مەدەنی، و ٩,٥% پێشمەرگەو ٢,٥% مامۆستا بوون. تاجر و صنعەتکار ٢,٢% بۆ هەر یەکەیان و ٢٩,٣% بـ کاربوون و ١٦,٧% جوتیارن.

بە تایبەتی کچی مامۆستاکان، بە ڕێژەیەکی کەمتر، کچی تاجر و صەنعەتکارن، توانایان هەبوو کە زیاتر لەوانی تر هەلی کار و خوێندنیان دەستبکەوێت. لە لایەکی ترەوە، کچی جوتیارەکان، چانسێکی نزیکی نەبوویان هەبوو بۆ ئەوەی کاری خۆیان هەبێت. (وێنەی ژمارە ١٦). ئەوانەی کە کارمەندی میرین یا پێشمەرگەن، بە هەمان شێوە هەلی زۆر بۆ کچەکانیان ناتوانن دابین بکەن بۆ ئەوەی بخوێنن و کاربکەن. ڕێژەی نەخوێندەواری ٦٢,٥% یەو و ڕێژەی خەتەنەکردن ٧٩,٧% لە نێوان ئەو کچانەی کە باوکەکانیان جووتیارن[9].

[9] ئەو ئافرەتانەی کە باوکیان نیە، ڕێژەی هاوشێوەیان هەبووە. ئەمانە ڕەنگە ئافرەتی بە تەمەنتر بن کە باوکیان کۆچی داوییان کردووە. یا ڕەنگە باوکیان لە گەنجیدا کۆچی دوایان کردبێت وەیا کوژرابێتن. لێرەدا دایکەکە سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی خێزانی کردووە، زۆر جار لە بارودۆخێکی زەحمەتدا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەوە لە ئەنجامدا، بووەتە هۆی ڕێژەیەکی بەرزی نەخۆێندەواری و خەتەنکردن لە کچەکانیاندا.

**وێنەی ژمارە ١٦، بەدەستهاتنی خوێندن و کار بۆ کچ بە پێی کاری باوک**




ئەنجامگێریەکی هاوشیەمان دەستئەکەوێت ئەگەر تاماشای ئاستی خوێندنی کچان بە گۆڕانی ئیشی باوکیان. (وێنەی ژمارە ١٧). بۆیە ٦٢,٥% کچی جووتیارەکان نەخوێندەوارن. لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەو کچانەی کە باوکیان مامۆستایە، خوێندنی ناوەندی یا بڕوانامەی زانکۆیان بە دەستهێناوە.

**وێنەی ژمارە ١٧، خوێندەواری ئافرەت بە پێی کاری باوک**



بە م هەروەک لە وێنەی ژمارە ١٨دەدا پیشاندراوە، ئەو پشتگیریە گەورەی کە کچان لە باوانیانەوە وەریئەگرن، یەک لە سەرسێی کچی مامۆستایان ئەبنە قوربانی خەتەنەکردن.

**وێنەی ژمارە ١٨، ڕێژەی خەتەنە بە پێی کاری باوک**




بە هەند وەرگرتنی ڕێژەی خەتەنەکردن بە بەراورد لە گەڵ ئاستی خوێندەواری باواندا، وێنەیەکی ڕوونتر و هاوسەنگمان ئەداتێ. ئەو ڕێژە بەرزەی خەتەنەکردن لە نێوان کچانی مامۆستایانی زانکۆدا ئەکرێت ناکرێ بە هەندی وەرگرین، لە بەر بچووکی ژمارەی بەشداربووان، لەم میانەدا، تەنها ٦ لەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە ئەم پێناسەیان بۆیان ڕاستە. ئەگەر دایکەکە خۆێندبێتی، ئەوا ئاستی خوێندنی دایکەکە، دەستنیشانکەرێکی بەهێزتری ڕێژەی خەتەنەیە. بۆیە پەیوەندیەکی ڕۆشن هەیە لە نێوان ڕێژەی خەتەنە و ئاستی خوێندەواری بەرزدا. بە م پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت کە تەنانەت ئەو باوک و دایکانەی کە ئاستێکی بەرزی خوێندنیان تەواوکردووە، کچەکانیان ڕەنگە خەتەنەکرابن.

**وێنەی ژمارە ١٩، ڕێژەی خەتەنەکردن، بە پێی خوێندەواری باوک/ دایک**




بە کورتی، ئاستی خوێندەواری باوان، یەکێکە لە هەرە گرنگترین فاکتەرە دەستنیشانکەرەکانی ئەنجامدانی خەتەنە لە ئافرەتێکدا یاخود ئەنجامنەدانی. بە م ئەوە تەنها فاکتەر دەستنیشانکەر نیە. تەنانەت لە نێوان ئەو خانەوادانەی کە

ئاستی خوێندنیان بەرزە، دیسان خەتەنەکردنی مێینە زۆر کەم نیە. لە نێو ئەو ئافرەتانەی کە خوێان بڕوانامەی زانکۆیان هەیە، ٣٧% یان خەتەنەکراون. (وێنەی ژمارە ١٤). پەیوەندی نێوان و کارتێکردنی ئاستی خوێندنی باوان لە سەر کچ ڕاستەوخۆترە. ئەو باوکانەی کە خۆیان کاریان بۆ خۆیان دۆزیەتەوە، لەو باشتر ئەتوانن هەلی خوێندن بۆ کچەکانیان بڕەخسێنن بە بەراورد لە گەڵ ئەو باوکانەی کە لە میریدا کار ئەکەن، بە پێشمەرگە و جووتیاریشەوە. ئەم پوەیەندیە تەنها بە شێوەیەکی زۆر تەسک لە ڕێژەی خەتەنەکردن ڕەنگیداوەتەوە. لە ڕاستیدا، ڕێژەی خەتنەکردن لە کچی تاجرەکاندا، کە ٧٦,٥% یەکێکە لە هەرە بەرزترین ڕێژەکان.

**٣,١,٤ کارت کردنی ئاستی خوێندن لە ڕووی ترەوە**

ئەو ئافرەتانەی کە ئاستێکی خوێندنی بەرزیان بە دەستهێناوە، منداڵی کەمتریان هەیە. لە کاتێکدا کە ئەو ئافرەتە نەخوێندەوارانەی کە لە چلەکانی تەمەنیاندان بە ڕێژەی ٦,١ منداڵیان بووە. بە پێی دۆزینەوەکانمان، تەنانەت ئەو ئافرەتانەی کە بڕوانامەی زانکۆیان هەیە، بە ڕیژەی ٣,٥ منداڵیان بووە.

ئە ئافرەتانەی نەخۆێندەوارن، زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە مێردەکانیان زیاتر لە ژنێکیان هەبێت کە ڕێژەی ئەو ئافرەتانە ئەگاتە ١٢,٨% لە کۆی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان. لەو ئافرەتانەی کە توانای خوێندن و نووسینیان هەیە ڕیژەکە ٧,٣% وە بۆ ئەوانەی کە خوێندنی سەرەتاییان تەواوکردووە تەنها ٥% یە.

ئافرەتانی کوردستان بەدەر لە ئاستی خوێندنیان، زۆر بە کەمی سەردانی پزیشک ئەکەن. نزیکەی ٨,٢% لەو ئافرەتانە بە هیچ شێویەک لە ژیاناندا سەردانی پزیشکیان نەکردووە. لەم میانەدا، هیچ پەیوەندیەکمان نەدۆزیەوە لە نێوان ئاستی خوێندن و ڕیژەی سەردانی پزیشک. بە پێی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتووە، ئافرەتی نەخۆێندەوار، تەنانەت زۆرتر سەردانی پزیشکی ئافرەتیان بە بەراورد لە گەڵ ئەوانەی کە ئاستی خوێندنیان بەرزترە کردووە. (نزیکەی ٧٠% ی ئەو ئافرەتانەی نەخوێندەوار بوون، بە لای کەمەوە یەک جار سەردانی پزیشکیان کردووە).

ئەو ئافرەتانەی چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە، پرسیاری ئەوەیان لێکراوە کە ک یارمەتی داون بۆ ئەوەی سەردانی بنکەی تەندروستی بە مەبەستی پرسیارکردن لە سەر بابەتی تەندروستی ئافرەتان. دەرکەوت کە ئەو ئافرەتانەی کە تا ڕادەیەک خوێندنیان تەواوکردووە، زۆر جار لە دایکیانەوە، یارمەتی وەرئەگرن بۆ سەردانی بنکەی تەندروستی. بە م ئافرەتی نەخوێندەوار هیچ یارمەتیەکی وەرنەگرتووە.

**و نەی ژمارە ٢٠، ک زانیاری لە سەر سێکسی پێشکەش کردی**




پرسیاری "ک زانیاری لە سەر سێکسی پێشکەش کردی" وە می وەک ئەوەی سەرەوەی هەبوو. تەنانەت ژمارەیەکی زیاتری ئەوانەی کە نەخوێندەوارن و چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە کە ئەگاتە ٤٥,٧% ووتیان کە هیچ زانیاریەکی سێکسیان وەرنەگرتووە. تەنها ١٦,٥% زانیاریان هەبوو لە سەر سێکس کە لە لایەن دایکانەوە پیان گەیشتووە. لە بەرامبەردا ٤٣,٤% ئەو ئافرەتانەی کە خوێندنی ناوەندیان تەواو کردووە لە لایەن دایکیانەوە زانیاری سێکسیان بەدەست گەیشتووە.

زۆر ڕوون بوو کە ئەو کچانەی کە لە خانەوادەیەکەوە هاتوون کە ئاستی خوێندنیان باش نەبووە، بوارێکی کەمتریان هەبووە بۆ ئەوەی لە لایەن دایکیانەوە زانیاری و پارێزگاریان پ ببخشرێت. بە م جیاوازی لە نێوان ناوچەکاندا هەروەها ڕۆڵی هەیە لەم میانەدا. بۆ نموونە، لە کاتێکدا کە ئاستی خۆێندی ئافرەتاني گەرمیان و کەرکووکی نوێ تۆزێک کەمتر و خراپترە لە پارێزگاکانی تری هەرێم (تەماشای وێنەی ژمارە ١٢ بکە)، بە م وێنەی داهاتوو پیشانی ئەدات کە ئافرەتانی دانشتووی ئەو ناوچەیەی سەرەوە زۆر جار هیچ زانیارێکیان لەسەر سێکس پێنەدراوە و هەروەها زۆر بە کەمی لە لایەن دایکیان و خزمە ئافرەتەکانیان، زانیاریان پ بەخشراوە. (وێنەی ژمارە ٢١).

**وێنەی ژمارە ٢١، ک  زانیاری لە سەر سێکس پێشکەش کردی**




**٣,٢ کارتێکردنی بـ  وڕای ئاینی**

**٣,٢,١ ڕۆڵی ئیسلام**

نزیکەی ٩٤,٨% ئەوانی کە بەشداریان لە ڕاپرسیەکەدا کردووە، ئیسلامی سوونەن. بە بـ  هیچ دوود ک ئەتوانین بـ ن کە سوونەکان ئەنجامدەری سەرەکی خەتەنەکردنن. ڕێژەکە لە ناو سوونەکاندا ئەگاتە ٧٥,٤%. ئەمە ڕاستە تەنانەت ئەگەر چەند ئافرەتێک لە ئاین و مەزهەبەکانی تریش بـ ن کە خەتەنەکراون. لە ڕاپرسیەکەی ئێمەدا، ٣ ئافرەتی شیعە مەزهەب ( کە ئەکاتە ٢٣,١% بەشداربووانی شیعە مەزهەب)، و ١٣ کاکەیی (کە ئەکاتە ٣٩,٤% کاکەیەکانی بەشداربوو) ئەوەیان پێوتین کە خەتەنەکراون. لە نێوان مەسیحێکاندا، هیچ حاڵەتێکی خەتەنەمان نەدۆزیەوە. ئەمەش بۆ ئافرەتانی یەزیدی ڕاستە. بە م لە بەر ئەوەی کە هەموو ئافرەتە یەزیدەیەکان لە ناوچەی دهۆک بوون، بۆیە لە توێژینەوەکەدا داتاکانیان داخ  نەکراوە. هەموو ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان ئامادەکاریان بۆ خەتەنەکردنی کچەکانیان ئەنجامداوە، سوونی بوون.

شرۆڤەکردنی ئەو داتا و زانیاریانەی لە ئەنجامی ڕاپرسیەکە دەرکەوتن بە ڕوونی پیشانی ئەدەن کەوا پەیوەندیەکی ئاشکرا هەیە لە نێوان ئاینی ئیسلام و خەتەنەکردنی مێینەدا. ئەمە بە پێچەوانەی ئەو گریمانە باوانەوەیە کە دەربارەی نەبوونی ئاوەها پەیوەندیەک هەن. بەدەر لە بیرکردنەوە و بانگەشەکانی شارەزایان ئاینی ئیسلام، زۆرێک لەو پیاو و ئافرەتانەی کە لە نزیگەوە ئاگاداری خەتەنەن یا خویان ئەنجامی ئەدەن و مەلا ئاینیەکان، خەتەنە بە بەشێک لە ئاینی ئیسلام ئەزانن.

کارتێکردنە گەورەکانی مامۆستا و مەلاکانی ئاینی ئیسلام لە سەر ئەنجامدانی خەتەنە بە ڕوونی ئاشکرایە. لێرەدا، یەک لە سەر سێی ئەو ئافرەتانەی کە ڕایانگەیاندوە کە خەتەنەکردن لە کۆمەڵگاکەیاندا باوە، هەروەها ئە ن کە مەلاکانی ئەو کۆمەڵگایانە پشتگیری لە ئەنجامدانی خەتەنەکردن ئەکەن. (وینەی ژمارە ٢٢). ٣٢,٧% ئەو ئافرەتانە ئە ن کە ئیمامی مزگەوتەکان پشتگیری خەتەنەکردن ئەکەن. بە ڕێژەیەکی کەمتر، ئافرەتەکان، هێمایان بۆ "کۆمەڵگا بە گشتی" کردووە، ڕێژەی ئەوانەی ئەگاتە ٢٣,٩%، بە ڕێژەی ١٩,١% ئاماژە بۆ دایکیان و ٢١% بۆ ئافرەتی تر لە خانەوادەکانیان ئەکەن وەک پاڵپشتێک بۆ ئەنجامدانی خەتەنە. ژمارەیەکی زۆر کەمە کە تەنها ١,٤% ئاماژە بۆ باوک یا پیاوی تر خانەوادەکانیان ئەکەن.

**وێنەی ژمارە ٢٢، لە کۆمە گاکەی تۆدا ک  پاڵپشتی لە خەتەنە ئەکات**




لە لایەکی ترەوە، تەنها ٦% ئەوانەی کە وە  می ڕاپرسیەکەیان داوەتەوە، ئە ین کە بە ڕاستی گوێیان لە شارەزایەکی ئاینینی بووە کە داوای کردوو خەتەنەی ئافرەتان بکرێت یا پشتگیری لێکردووە. ڕێژەی ئەوانەی کە مەلا وەک پاڵپشتیکەری خەتەنەی مێینە ئەکەن، تەنها ٨,٦% ە. ئەمە ئەکرێت بە هۆی ئەوەی داواکاری ئاشکرا لە لایەن کۆمە گاوە بۆ ئەنجامدانی خەتەنە، نە باوە و نە بە پێویستیش ئەزانرێت. بە زۆر ئەنجامدانی خەتەنە وەک بەشێک لە پارێزگاری کردنی ڕەوشت ئەبینرێت کە پێویست نیە هەموو کەسێک ئاگای لێبێت. لێرەدا مەلا وەک پارێزگاریکەرێکی گرنگی ڕەوشتی تاکەکان ئەبینرێت بۆیە ڕەنگە بە ب  ئەوەی بیری لێبکرێتەوە، مەلا وەک پاڵپشتیکەرێکی ئەنجامدانی خەتەنە تەماشا ئەکرێت.

**٣,٢,٢ "عادات" و "ئاین"**

لە وە  می پرسیاری ئایا بۆ خەتەنەکراون، قوربانیەکان بە یەکسانی ئاماژە بۆ "عادات" و "ئاین" ئەکەن. کە پارێزگاکان بە جیا جیا وەرگرین، وێنەیەکی جیاوازمان بۆ دەرئەکەوێت سەبارەت بەو پرسیارە. لە گەرمیاندا، ئەوانەی وە  می ئەم پرسیاریەیان داوەتەوە، لە زۆربەی هەرە زۆری وە  مەکاندا، هۆکاری ئاینی ئەهێننەوە. بە  م لە هەولێر، هۆکارگەلێکی کەلتووری زۆرتر باسی لێوەئەکرێت. (وێنەی ژمارە ٢٣)

**وێنەی ژمارە ٢٣، بۆچی خەتەنیان کردی؟**




| | گەرمیان/ کەرکوکی نوێ | سلێمانی | هەولێر |
|---|---|---|---|
| پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی | 0.5% | 2.6% | 7.2% |
| ئاین | 84.7% | 32.7% | 17.8% |
| هەروا بووە/ عادەت | 8.8% | 59.1% | 46.6% |
| نازانم | 5.9% | 2.4% | 28.3% |

ئەگەر پارێزگاکان بە جیا جیا وەرگرین، پرسیاری "ک پاڵپشتی لە ئەنجامدانی خەتەنە ئەکات لە کۆمەڵگاکەتدا" وە می وەکو یەکمان دەستئەکەوێت. (وێنەی ژمارە ٢٤). ئەگەر ئەم وە مانە وەک بە گەی کۆتایی وەرنەگرین ئەوا ئەکرێت، بە گەیەکی بەهێزی ئەو ڕاستیە بن کە پاڵپشتیکەری سەرەکی بۆ عوزر هێنانەوە بۆ ئەنجامدانی خەتەنە لە پارێزگا و ناوچەیەکەوە بۆ ئەوی تر جیاوازی هەیە.

**وینەی ژمارە ٢٤، ک   پاڵپشتی لە خەتەنە  ئەکات لە پارێزگاکەتدا، بە پێی پارێزگا**




لە گەرمیان و کەرکووکی نوێدا، ٨٨,٦% ئەوانەی کە وە  میان داوەتەوە، ئە ن کە "مەلا" پاڵپشتیکەری سەرەکەی ئەنجامدانی خەتەنەیە. بە  م زۆربەی ئەوانی لە هەولێر وە  می ئەم پرسیارەیان داوەتەوە  "کۆمە گا بە گشتی" یا "ئەندامی تری ئافرەت لە خێزانەکانیاندا" دەستنیشان ئەکەن. ئەم وە  مە زۆر جیگای گرنگی بوو لە بەر ئەوەی ئەو وە  مە دەستنیشانکرابوو، بە  م بوار هەبوو بۆ وە  می دوورودرێژتر، بۆیە بەشداربووان ئەو وە  مەیان نووسیوە. پرسیارەی ئایا  دایکان بۆچی کچەکانیان خەتەنەکردووە، وە  می هاوشێوەی داوە بە دەستەوە.

**وێنەی ژمارە ٢٥، دایکان، بۆچی کچەکەت خەتەنە کراوە؟**




ئەم وە مە زۆر جیاوازنە پێمان ئە ت کە پارێزگاکان پێویستە یەکە بە یەکە توێژینەوەیان بۆ بکرێت. بە م لە هەمان کاتدا، زۆر هۆکار هەن کە پاڵنەری ئەوەن دان بەوەدا بنێین کە پارێزگاکان لە ڕاستیدا تا ئەو ڕادەیەی لە یەکەم بینینی داتاکانا جیاواز دەرئەکەوەن، هەر ئاوەهاش لە سەر ئەرزی واقیعدا جیاواز بن. شارەزایمان لە ناوچەکەدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە خەک زۆر بە کەمی ئەتوانن جیاوازی لە نێوان ئایین و عادات و تقالیدا بکەن. بۆ ئەوان هیچ جیاوازیەک لە نێو ئەو دوو ڕەهەندەدا بوونی نیە. ئاین لای ئەوان، عادات و ڕەوشت دەستنیشان ئەکات. عاداتی کۆمە تیش بۆ ئەوان، هە سوکەوتکردنە بە شێوازێک کە ئیسلام ئاینێکە بە زەقی جەخت لە سەر عادات و تقالید ئەکاتەوە. لە ئیسلامدا، پابەند بوون بە عادات و تقالیدەوە، وەک بەرامبەرێک بۆ بیدعە دەستنیشانکراوە. ئەوەی دوایی بە گشتی وەک شتێکی زۆر خراپ ئەناسرێنرێت. بۆیە "عادات" و "ئاین" بە هەردوو دیوی یەک دراو ئەکرێت تەماشا بکرێت، ئەویش بە سەربردنی ژیانێکی "باشە" کە لە دەورو بەری ڕەهەندگەلێکی لە وێنەی شەرەف و ڕابەرایەتی و بەهای مرۆڤایەتی

ئەو ئەنجامگیرایەنی لە وەلامی پرسیارەکانی توێژینەوەدا بە دەست هاتووە، وێنەیەکی ڕوون و ڕاست و ڕەوانمان پ ئەدەن، بۆیە ناکرێت ئەو دوودڵیانەی کە کەسانێک ڕەنگە هەیانبێت لە ئەنجامگیری توێژینەوەکە، بیگەڕێننەوە بۆ هە ەی میتۆدی لە توێژینەوەکەدا. لە هەمان کاتدا، داوا دەکەین کە ئەنجامگیریەکانمان دەربارەی ئایین و عادات و تقالید وەک توێر و ڕێگاپێشاندەری توێژینەوەی تر لەو بوارەدا وەرگرن.
کارمەندەکانمان لە جیگای تر، ئەنجامگیری هاوشێوە لە مەر پەیوەندی نێوان ئاین و عادات و تقالیدیان لە شوێنەکانی تر دەستنەکەوتووە. بەرچاوڕوونی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تێگەیشتنمان فراوانتر بکات لە سەر پاڵپشتیکەرانی ئەنجامدانی خەتەنە.

ئەو ڕاستیەی کە زۆربەی هەرە زۆری وە مدەرەوەکانی پرسیارەکان، "ئاین" یا "عادات" یان هە بژاردووە، ڕەنگە بۆ شارەزایی بەشداربووان لە سەر ئەو ڕەهەندانە بگەڕێتەوە. بەشداربووان هەروەها ئەیانتوانی وە می وەک "پاڵپەستۆی کۆمە یەتی" یا " پاڵپەستۆی ڕامیاری" هە بژێرن. ئەم جۆرە پاڵەپەستۆیانە، بە ب شک، ڕۆڵیکی گرنگ لە میانی خەتەنەکردن ئەبینن. بە م بە پێی لێکدانەوە لۆکا کان، ئەوا ئەو دوو فاکتەرە لە میانی ئاین و عاداتدا ئامەژەیان بۆ کراوە و زۆر بە کەمی وەک خویان باسیان لێوەکراوە. تەنها لە پارێزگای هەولێر نەبێت، کە

بەها خێزانیە ترادسوێناڵەکان لە ئاینیش زیاتر لە بەرچاوئەگیرێن، ئەوا لەو پارێزگایەدا، ئافرەتە بەشداربووەکان، وە  می "پاڵەپەستۆی کۆمە  یەتی"یان هە بژاردووە.

لە سەر ئاستی هەموو پارێزگاکاندا، ٣٨% ئافرەتە بەشداربووەکانی وە  می "عادات"یان بۆ پرسیاری ئایا بۆ کچەکانیان خەتەنەکردووە، هە بژاردووە. بە  م بۆ ئەوانەی کە بە تەمان بەردەوام بن لە ئەنجامدانی خەتەنە، ئەوا ئیسلام بە ڕوونی وە  مدراوەتەوە.

**وێنەی ژمارە ٢٦، ئەو دایکانەی کە ئەیانەوێت کچە داهاتووەکانیشیان خەتەنە بکەن، هۆکارەکان**




ئەگەر یەکە بە یەکی پارێزگاکان تەماشا بکەین، ئەوا بۆمان دەرئەکەوێت کە تەنانەت لە هەولێریشدا، "عادات" زۆر بە کەمی هە بژێردراوە بۆ وە  می گرنگترین پاڵنەر بۆ بەردەوام بوون لە سەر ئەنجامدانی خەتەنە.

**وێنەی ژمارە ٢٧، ئەو دایکانەی کە ئەیانەوێت کچە داهاتووەکانیشیان خەتەنە بکەن، هۆکارەکان بە پێی پارێزگا**




ئەوەی لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت ئەوەیە کە "ئاین" و "عادات" وەک دوو ستراتیجیەتی جیاواز بە م لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەک بەکارهێنراون بۆ عوزر هێنانەوە بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردن. "عادات" لەو کاتەدا بەکارئەهێنرێت، کە باسی ڕابووردوو ئەکرێت و ئەو ڕەهەندە وەک ئامرازێک بەکارئەهێنرێت بۆ ئەوەی قوربانیەکە وەک کەسێک وێنا بکرێت کە دەستی نەبووە لە خەتەنەکردنیدا. لە لایەکی ترەوە، ئاماژە کردن بۆ ئاین لەو ساتەدا ئاگتیف ئەبێت کە بانگەشە بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردن و بە یاساکردنی ئەکرێت کە لە لای ئەنجامدەرانی و پشتگیرکەرانی داهاتوو بۆ داهاتوو پێویستە.

### ٣،٣ کارت کردنی نەتەوە

ئەو داتایەی لە ئەنجامی ڕاپرسیەکەدا کۆکراوەتەوە، پەیوەندییەک پیشان ئەدەن لە نێوان خەتەنەکردن و نەتەوە دا. ٧٤،٨% ئافرەتە کوردەکان ووتوویانە کە خەتەنەکراون. تەنها یەک لە هەر هەشت ئافرەتی عەرەب و دوو لە هەر ٩ ئافرەتی تورکومان و یەک لە هەر ٢٠ ئافرەتی نەتەوەی تر کە بەشداریان لە ڕاپرسیەکدا کردووە دانیان بەوەدا ناوە کە خەتەنە کراون. لەو ئافرەتە غەیرە کوردانی کە بەشداریان کردووە، تەنها یەک ئافرەت لە هەر گرۆپێکدا ووتوێتی کە خەتەنەکردن لە کۆمە گاکایەدا باوە. لە نێوان ئەو ٤٠ دایکە غەیرە کوردەی کە کچەکانیان لە خوار تەمەنی ١٤ ساڵیەوە بوون، هیچکام لەو کچانە خەتەنە نەکرابوون. ئەم دۆزینەوانە، ئەو گریمانە پشتراستئەکاتەوە، کە خەتەنەکردنی ئافرەتان بە شێوەیەکی سیستیماتیک تەنها لە نێو ئافرەتانی کورددا ئەنجامئەدرێت.

بە م لە هەمان کاتدا، ئەنجامەکان ئەوە پیشانئەدەن، کە ئەندام بوون لە نەتەوەیەکی غەیرە کورد مانای ئەوە نیە کە قوربانیەکان لە خەتەنە ڕزگاریان ئەبێت.

ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی لە نێوان خەتەنەکردن ونەخوێندەواریدا هەیە، دیسان بە ڕوونی لە پەیوەندی بە فاکتەری نەتەوە دیسان دیارە.

**وێنەی ژمارە ٢٨، ڕێژەی خەتەنەکردن و نەخوێندەواری بە پێی نەتەوە**




لە بەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم لە عەرەب و تورکمان و نەتەوەی دیکە لە کوردستاندا ئەژین، چانس ڕەنگە ڕۆلی هەبوو بێت لەو ڕێژە کەمەی خەتەنەکردن لە نێوان ئەو نەتەوانەی سەرەوە بە بەراورد بە کورد. ڕێژەی نەخوێندەواری و خەتەنەکردن لە نێو ئەو نەتەوانەدا ئەبێت تەنها وەک ژمارەیەکی ڕووت مامە ەی  ەگەڵ بکرێت و وەک ڕێگاپێشاندەری توێژینەوەی تر بەکاربهێنرێت. بە  م لە هەمان کاتدا، ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەی لە نێوان نەخوێندەواری و خەتەنەکردندا ئەیبینن، نابێت وەک هۆکار تەماشا بکریت، بە کو وەک ئەوەی کە هەیە  تەنها هاوتەریب بوونە.

ئەو ڕێژە بەرزەی خوێندەواری لە نێو ئافرەتی غەیرە کورد، جێگای تـ  امانە. نەک بە تەنها ڕێژەیەکی کەمتری نەخوێندەواری لە نێو ئافرەتانی غەیرە کوردا هەیە، بە کو ژمارەیەکی زیاتری بە سەربردنی کات لە خوێندندا لە لای ئافرەتانی غەیرە کوردا هەستی پێئەکرێت. ئەمە دۆزینەوە بۆ باوک و دایک و پیاوی ئافرەتانی غەیرە کوردی بەشداربووی ڕاپرسیەکە ڕاستە. بۆ نموونە ٦,٤% باوکی هەموو ئەو ئافرەتانی وە  می پرسیارەکانیان داوەتەوە، بە لای کەمەوە خوێندنی ناوەندیان تەواو کردووە. لە ئافرەتە غەیرە کوردەکاندا، ڕێژەکە ٢١,٩%یە. باوکی ئافرەتە غەیرە کوردەکان، کەمتر لە کەرتی گشتی کار ئەکەن و زیاتر بە کاری سەربەخۆوە خەریکن. تەنانەت یەک باوکی ئەو ئافرەتە غەیرە کوردانەی لە ڕاپرسیەکەدا بەشداریان کردووە، جوتیار نەبوون، ڕێژەکە بۆ هەموو بەشداربووان ٩,١%. ڕێژەی مامۆستا لە نێو دایکانی ئافرەتە غەیرە کوردەکان ٩,٨% بوو. ئەو ڕێژەیە بۆ سەرجەم بەشداربووان ٠,٩% یە.

چەند نیشانەیەکی تر هەن کە پیشانی ئەدەن کە ئاستی خوێندن ڕەنگە لە نێو ئافرەتە غەیرە کوردەکاندا بەرزتر بێت. بۆ نموونە، ئافرەتە غەیرە کوردەکانی بەشداربوو ژمارەی منداڵەکانیان کەمترە و ژمارەیەکی کەمتر لەو ئافرەتانە ووتویانە کە بە هیچ شێوەیک زانیاریان لە سەر سێکس وەرنەگرتووە. ڕێژەکە بۆ ئەمانەی دوایی ١٤,٦%یە بە  م بۆ هەر هەموو بەشداربووان ٣٥,١% یە.

بۆیە پەیوەندی نێوان خەتەنەکردن و نەتەوە تەنها ئەکرێت بە ئەنجامی کارتێکردنی ئاستی خوێندن لە سەر خەتەنە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. بە  م لە هەمان کاتدا هۆکارەکانی نابەرابەری لە ئاستی خوێندن لە نێوان کورد و غەیرە کورد بە نا ڕوونی ئەمێننەوە.

### ٣,٤. ڕۆڵی پیاو

#### ٣,٤,١. پیاوان چەندێک زانیاریان هەیە

بە ڕواڵەت، خەتەنەکردن بە بێ هاوکاری و بەشداریکردنی پیاوان ئەنجامئەدرێت. دایک زۆر جار ئامادەباشی بۆ خەتەنەکردن ئەکات و یا داپیرە وەیا "ئافرەتێکی پیر" یا ئەندامێکی ئافرەتی خێزان هەئەسێت بە ئەنجامدانی خەتەنەکە. دایک زۆربەی هەرە زۆری جارەکان ئامادەئەبێت و هەندێک جاریش خوشک یا ئافرەتی خزم ئامادەئەبن. بەڵام، ئایا ڕۆڵی باوک و برا و مامە و خاڵەکان چیە؟ ئایا ئاگاداری ئەم پرۆسەیە هەن؟

دیسان ئەو داتا و زانیاریانەی دەستمان کەوتووە بە پێی پارێزگاکان دابەشکراون؛

**وێنەی ژمارە ٢٩**

| بەڵێ پیاوەکانمان ئاگایان هەیە لە خەتەنەکردنی مێینە لە کۆمەڵگاکەماندا | |
|---|---|
| هەولێر | 23.9% |
| سلێمانی | 78.6% |
| گەرمیان و کەرکووکی نوێ | 78.6% |

(ئەمە تەنها ڕێژەی ئەوانەیە کە وەڵامیان داوەتەوە)

ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە وەڵامەکانی ئەو ئافرەتانەی بەشداریان کردووە ڕاستە- ئێمە هیچ هۆکارێکمان نیە بۆ ئەوەی پێچەوانە بسەلمێنێت- ئەوا بۆمان دەرئەکەوێت کە خەتەنە کردن لە پارێزگای هەولێر کارێکی زۆر تابووە و ژمارەیەکی زۆر کەمی پیاوانی ئەو پارێزگایە، ئەزانن کە ئەو پرۆسەیە ئەنجامئەدرێت. دیارە لە پارێزگاکانی تریشدا خەتەنەکردن تابووە بەڵام پێناچێت کە ئەو تابووە زۆر بە توندی بەرجەستە بکرێت. پێئەچێت کە ژمارەیەکی زۆری پیاوانی گەرمیان و سلێمانی ئاگایان لەوە هەیە کە خەتەنەکردن لە ناو ئافرەتاندا ئەنجامئەدرێت.

لە پارێزگای هەولێردا، تەنها ٣٥,٨% ئەو ئافرەتانەی بەشداریان کردووە، ئەڵێن کە پیاوەکانیان ئاگایان لەوە هەیە کە کچەکانیان خەتەنەئەکرێن. لە سلێمانی ڕێژەکە ئەگاتە ٧٠,٤% و لە گەرمیان وکەرکووکی نوێش ڕێژەکە ٨٥,٢% یە. (وێنەی ژمارە ٣٠). ئەم ئەنجامانە ئەکرێت وەک بەرجەستەکردنێک بۆ ئەو ئەنجامگیریانەی لە وێنەی ژمارە ٢٩ دا پیشاندراون.

ڕاپرسیەکە کۆمەڵێک ئەنجامگیری داوە بە دەستەوە کە لە لایەن ئەنجامگیری ترەوە پشتراستئەکرێنەوە. ئەمە مانای ئەوە نیە کە هەڵە نیە لە ئەنجامگیریەکاندا. بەڵام بوونی ئەو حاڵەتانە، ئەگەری هەڵە لە ئەنجامەکاندا زۆر کەمتر ئەکاتەوە.

**وێنەی ژمارە ٣٠**

| بەڵێ پیاوەکەم ئاگای لە خەتەنەکردنی کچەکەم هەیە | |
|---|---|
| هەولێر | 35.8% |
| سلێمانی | 70.4% |
| گەرمیان و کەرکووکی نوێ | 85.2% |

ڕێژەکە تەنها بۆ ئەوانەیە کە وەڵامیان داوەتەوە

هەندێک دەستنیشانکەری ترن کە پاڵپشتی لەوە ئەکەن کە پیاوان لە پارێزگای هەولێر ئاگایان لە ئەنجامدانی خەتەنەکردن نیە و پەیوەندییان نیە بەو پرۆسەوە. بۆ نموونە تەنها یەک بەشداربوو لە پارێزگای هەولێر کە ١,٥% بەشداربووان پێکئەهێنێت، ووتوێتی کە مێردەکەی زۆری لێکردووە کە خەتەنە بۆ کچەکەی بکات. لە هەردوو پارێزگاکانی سلێمانی و گەرمیان و کەرکووکی نوێدا، حەوت وە م ئەرێنی هەبووە ( کە ئەکەنە ٥,٣% لە سلێمانی و ٧,٩% لە گەرمیان و کەرکووکی نوێ). [10]
ئەم "بێئاگایەیی" پیاوان لە پارێزگای هەولێردا، پێئەچێت بۆ شتی تری پەویەست بە ئافرەتانەوە ڕاست بێت. تەنها ١,٢% ئافرەتە بەشداربووەکانی هەولێر، ئەوەیان پشتراستکردۆتەوە، کە لەلایەن مێردەکانەوە فێری سێکس کرابێتن. ئەو ڕێژە لە سلێمانی ٥,١% و لە گەرمیانیش ٧,٤%. (وێنەی ژمارە ٢١)

### ٣,٤,٢ کارتێکردنی پیاوان- بیروڕای جیا

شتێکی سەرسورهێنەرە کە لە کوردستاندا نزیکەی دوو لە سەر سێی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لە گەڵ ئەنجامدراوە وا هەست ئەکەن کە پیاوان ئەتوانن خەتەنەکردن نەهێ ن ئەگەر بیانەوێ.٧٠,٧ % ئەوانەی کە وە مى پرسیارەکەیان داوەتەوە. ئەوەی زیاتر مایەی تێرامانە ئەوەیە کە هەمان وە م تەنانەت بۆ ئەو ئافرەتانەش ڕاستە کە ووتوویانە کە پیاوانی کۆمەڵگاکەیان هیچ ئاگایەکیان لە خەتەنە نیە. لە پارێزگای هەولێردا، ٨٤,٢%ی ئەوانەی کە وە مى پرسیارەکەیان داوەتەوە، پێیان وایە کە هێزی پیاوان لە ئاستێکدایە کە ئەتوانن خەتەنە نەهێ ن.
لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا، هێزی کارکتەری تابوانەی خەتەنەکردن دەستنیشانکەرێکە بۆ ڕادەی هێزی پیاوان لە کۆمەڵگادا. ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەگەری پەیوەندیەک هەیە لە نێوان نەخوێندەواری پیاو لە پارێزگای هەولێر و ئەو بیرکردنەوە باوەی کە خەتەنەکردن کارێکی عادەتیە و ئەرکێکی ئاینی نیە بە بێ وە م ئەمێنێتەوە.
ئەوەی باوە ئەوەیە کە پارێزگای هەولێر بە ناوچەیەکی کۆنزەرفاتیڤ ناسراوە کە زۆر گرنگی بە "عادات" و "تقالید" ئەدات. هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی ئەکرێت بە ناسوێنالیزمێکی ترادیسۆناڵ ناوی بنێن، چونکە ئەو هێزێکی سێکیولاری پێشکەوتوخواز نیە کە ڕیکخستنێکی سیستماتیکی هەبێت.
لە پارێزگای هەولێردا، ئیسلام پەیوەندیەکی توندو تۆڵی لە گەڵ بیروبۆچونی ناسوێنالیستی کوردی. لە سلێمانی و گەرمیان و کەرکوکدا، ئایدیای عەلمانی لە چەند سێکتەرێکی جیاوازی کۆمە یەتی و ژیانی ڕۆژانەدا زیاتر هەستی پ ئەکرێت.

ئەمەی خوارەوە یەکێکە لە یکدانەوەکانی شێوازی هە سوکەوت و دنیابینی ئافرەتانی پارێزگای هەولێر. لە پارێزگای هەولێردا، کایە ئاینی و کۆمە یتیکان بە تەواوەتی لە یەک جیانەکراونەتەوە. ئەگەر ئافرەتانی پارێزگای هەولێر، خەتەنەکردن زۆرتر بە"عادات" وەبەبەستن، ئەمە بە هیچ شێوەیەک مانای ئەوە نیە کە ئاین لە ژیانی ڕۆژانەیاندا گرنگ نیە، بە تەواوەتی بە پێچەوانەوە، ئەوە بەگەیەکە لەسەر گرنگی لە ڕادەبەدەری ئاین بۆ ئەوان. بۆ ئەو ئافرەتانە، خەتەنەکردن لە ئەوڵ و ئاخیردا کیشەیەکی ئیسلام نیە، چونکە ئیسلام، ئیستاشی لە گەدا بێت لای ئەوان نەبووە بە کایەیەکی سەربەخۆ. وانەکانی ئیسلام بوون بە بەشێک لە کۆی ئەو ڕەهەندە ڕەوشتیانەی کە ڕۆژانە ڕێگا بە خە ک پیشان ئەدەن. بۆیە وانەکانی ئیسلام لە ئەنجامدا، لە کایەگەلێکی وەک نەتەوەو خانەوادەدا دەرئەکەون و وەک بەشێک لە ناسنامەی تایبەتی تاکە کەسەکان مامە ی لە گەدا ئەکرێت. یرەدا ئیسلام ئەبێت بە بەشێک لەوەی کە " هەردەم وەک ئەوەی کە هەیە ماوەتەوە" کە پێی ئە ن "عادات و تقالید".

بە پێچەوانەی پارێزگای هەولێر، لە پارێزگاکانی سلێمانی و گەرمیان و کەرکوکی نوێدا، بیروباوەری ئاینی لە ناسنامەی تاکەکەسی جیا ئەکرێتەوە. بۆیە ئاین ڕەوانەی دەرەوەی کەسەکان ئەکرێت و وەک دەسە تێک کە لە سەروو ئەوانەوەیە تەماشا و مامە ەی لە گەڵ ئەکرێت. پێشهاتێکی لەو جۆرە نیشانەیەکی زەقی سەرهە دانی عەلمانیەتە لە کۆمە دا. بە پێچەوانەی هەولێرەوە، پارێزگاکانی سلێمانی و گەرمیان و کەرکووکی نوێ، لە سەر ڕێگایەکی ڕوونی مەدەنیەتن. ئەم پرۆسەی دوایی هەردەم لە گەڵ خویدا، جیابوونەوە ، بە مۆسەسات کردن و کاڵ بوونەوەی پەیوەندیە ترادسیۆنەکان دێنێ. بە م لە پرۆسەی بە عەلمانی و مەدەنیەت بووندا، ئاین ڕۆڵ و هێز و توانای خۆی بۆ شێکردنەوە و لێکدانەوە لە دەست نادات. ڕاستی و دروستی ئەم جۆرە بیردۆزەیە، ئەکرێت لە ڕێی کۆمە ە پرسیارێکەوە تاقی بکرێتەوە، کە جەخت لە سەر پێکهاتەکانی ناسنامەی تاکەکەس و گەڕان بە دوایی بیروڕای ئەوانەی کە بەشداری لە ڕاپرسیەکە ئەکەن لە سەر ئاین و خێزان و هۆز و دەوڵەت و نەتەوە.

---

[10] ئاستی خوێندەواری ئەم پیاوانە گرنگ نیە، بە م هەموو ئەو ئافرەتانەی کە لە ڕاپرسیەکەدا بەشداریان کردووە یا نەخوێندەوار بوون وەیا نەچوونەتە بەر خوێندن.

ئەکرێ ئەو ڕاستیەی کە "داپیرە" لە ٣٥,٦% ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنەکراون وەک ئەنجامدەری پرۆسەکە دەستنیشانکراوە، بەوە لێکبدرێتەوە، کە پەیوەندیەکانی خێزان لە پارێزگای هەولێردا گرنگی زیاتری پێئەدرێت.

پرسیارکردنی زیاتر ڕەنگە بۆمان دەربخات کە "داپیرە" لە زۆربەی کاتەکاندا، دایکی باوکە[11]. ئەوەی باوە ئەوەیە کە دایک باوک زیاتر ئاگای لە هەسوکەوتی ڕۆژانەی ئەندامەکانی خێزان ئەکات و وەک جێبەجێکەری ئەرکە مۆڕا و ڕەوشتیکانی ئەناسرێت. لە سلێمانی ٤,١% و لە گەرمیانیش ٥,١% ی بەشداربووان داپیرەیان وەک ئەو کەسە دەستنیشانکردووە کە خەتەنە ئەنجامئدات (وێنەی ژمارە ٧). هەروەها لە پارێزگای هەولێردا، داپیرە نزیکەی سێ جار ئەوەندە زیاتر لە ناوچەکانی تری کوردستان وەک ئەو کەسەی کە ئامادەباشی کردووە بۆ ئەنجامدانی خەتەنە. بە م لە سەرتاسەری کوردستاندا، بە ڕێژەی ٨٠% دا بەشداربووان دایکانیان دەستنیشانکردووە وەک ئەو کەسەی کە بەرپرسیاری ئامادەباشیە بۆ پرۆسەی خەتەنەکردن.

## ٣,٥. شێوازی هە سوکەوت

### ٣,٥,١ ئاکامەکانی خەتەنەکردنی مێینە

زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانەی بەشداریان لە ڕاپرسیەکەدا کردووە، جەختیان لەوە کردۆتەوە کەوا هیچ ئاکامێکی خراپی پرۆسەی خەتەنەکردنیان تووش نەبووە. ڕێژەی ئەو ئافرەتانە ئەگاتە ٧٣,٤%. (وێنەی ژمارە ٣١). ئەو ئافرەتانەی کەوا ووتویانە کە ئاکامە خراپەکانی خەتەنەکردنیان تووش بووە ئاماژە بەو ئاکامانە ئەکەن وەک "کێشە لە گەڵ مێردەکانیاندا" کە ڕێژەکەیان ٧%. ڕێژەی ٤,٣% لە ئافرەتە بەشداربووەکان ئە ن "کێشەی دەروونیان" هەیە و ڕێژی ٤,١% ووتویانە "کێشەی تەندروستی" یان هەیە و ٥,٥% ووتویانە "کێشەی لە جۆری هی تر" یان تووش بووە.

**وێنەی ژمارە ٣١، چ کێشەیەکت لە ئەنجامی خەتەنە تووش بووە؟**




[11] ئەمە لە گەڵ ڕۆڵی خەسوو (داپیرە) وەک پاڵپشتیکەرێکی خەتەنە بەراورد بکە، لە بەشی ٢,٤,٣ دا.

ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لە نێوان ٤٠-٤٩ ساڵە لە ئەوانی تر زیاتر باس لەو کێشانە ئەکەن کە لە ئەنجامی خەتەنە تووشیان بووە. (وێنەی ژمارە ٣٢). ئەو ئافرەتانە لە تەمەنێک نزیەک ئەبنەوە کە خۆشیان ئەبن بە داپیەرە و خەسوو. زۆربەی ئەو ئافرەتانە، ٥-٦ منداڵیان بە خێو کردووە. ئەو ئافرەتانە " کێشە لە گەڵ مێردەکمدا" یان لە کێشەکانی تر زیاتر باس کردووە.

**وێنەی ژمارە ٣٢، ئاکامەکانی خەتەنەکردن، بە پێی تەمەن**




ئەتوانین ئەو ئەنجامگیریە بکەین کەوا ئەو ئافرەتانەی ئاستی خوێندنیان باشتر و بەرزترە، باشتر ئەتوانن ئەو کێشانە دەستنیشانبکەن کە لە ئەنجامی خەتەنەدا تووشیان ئەبێت لە بەر ئەوەی پرۆسەی دەستنیشانکردنەکە جۆرێک لە تەماشا و شرۆڤەکردنی خودی ئەوێت.
ئەم پەیوەندیە باشتر لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکاندا دەستئەکەوێت. ئەگەر تەماشای وێنەی ژمارە ٣٣ بکەین بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەم جۆرە پەیوەندیە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیە. ئەو داتایانەی کە دەستکەوتوون بە ڕوونی دەریئەخەن کە دەستنیشانکردن و ئاگا بوون لە ئاکامە دەروونیەکانی خەتەنە پێویستی بە ئاستێکی دیاریکراوی خوێندەواری هەیە. لە لایەکی ترەوە، هەبوونی "کێشە لە گەڵ مێرددا"-کە کێشەیەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سێکسەوە هەیە- یا هەبوونی کێشەی تەندروستی، پ ناچێت کەوا پەیوەندی بە ئاستی خوێندەواری ئافرەتانی بەشداری ڕاپرسیەکە هەبێت. (عەموودی ئەخیر کە "بروانامەی زانکۆ" پشتی بەستووە بە تەنها ١٠ چاوپێکەوتن، بۆیە ئەنجامەکانی زۆر جێگای متمانە نین بە هۆی کەمی ژمارەی بەشداربووان)

**وێنەی ژمارە ٣٣، ئاکامەکانی خەتەنە بە پێی ئاستی خوێندەواری**




تەنها ١٠ ئافرەتی بەشداربوو کە ئەکاتە ڕێژەی ٠,٧% بەلای کەمەوە پزیشکێکیان بینیووە بە هۆی خەتەنەکردنەوە. ئاستی خوێندنی ئەو ئافرەتانە، سەروو مامناوەندیە، تەنها دووان لەو ئافرەتانە نەخوێندەوارن. بە گشتی، هیچ پەیوەندیەک نەبوو لە نێوان ئاستی خوێندن و ئامادەبوون بۆ سەردانی پزیشک (بروانە لاپەرە ١٩).

### ٣,٥,٢ ئەوانەی پشتگیری لە خەتەنەکردنی مێینە ئەکەن

زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئافرەتانەی کەوا پشتگیری لە خەتەنە ئەکەن، پاڵپشتی بەرزکردنەوەی هۆشیاری منداڵان لەسەر خەتەنەکردن و پارێزگاریکردنی کچان لە خەتەنەکردن ئەکەن. ٨٨,٢% ئەو ئافرەتانە داوا لە مامۆستای قوتابخانەکان ئەکەن کە ئەم کارە ئەنجام بدەن و ٨٦,٤%ش داوا ئەکەن کە حکومەتی عێراق یاسای تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنە بهێنێتە کایەوە و ڕێوشوێنی شیاوی هەبێت بۆ ڕۆشنبیرکرنی خەک لە مەڕ ئاکامە خراپەکانی خەتەنە و پێویستی نەهێشتنی ئەو دیاردەیە. بۆ هەردوو ئەو پێشنیارانە، ڕێژەی ٨% داوا ئەوەیان کردووە کە هیچ کام لەو هەنگاوانە نەکرێت. ئەو ئافرەتانەی کە دژی هەردوو پێشنیارەکە بوون زۆر لە یەک ئەچوون. ٧,٥% بەشداربووان، لە هەمان کاتدا دژی هەردوو پێشنیارەکە بوون. لە مەودوا بەو بەشداربووانە ئە ین؛ "پشتگیریکەرانی خەتەنە". بە م پێویستە بوترێ کە مەرج نیە هەموو تاکێکی ئەو بەشداربووانە، بەڕاستی پشتگیری لە خەتەنەبکات.

بە مەبەستی پلاندانان و ئەنجامدانی چالاکی لە داهاتوودا، زۆر پێویستە کە وێنەیەکی ڕوونتر هەبێت لە سەر ژمارە و سەرچاوەو پاڵنەرەکانی ئەو کەسانەی کە بە کراوەیەی پاڵپشتی لە خەتەنەکردن ئەکەن. با بە یەکەوە، تەماشایەکی ئەم گرووپە بکەین؛

و نەی داهاتوو (وێنەی ژمارە ٣٤) زۆر بە ڕوونی پێمان ئە ت کە ئافرەتە بە تەمەنەکان، زیاتر دژیایەتی هۆشیارکردنەوە لە سەر بەرەنگاربوونەوەی خەتەنە ئەکەن، بۆیە ئەکرێت ب ن ئەو ئافرەتانە، ئەگەر بە ڕاستەوخۆش نەبێت، پاڵپشتی و پشتگیری خەتەنە ئەکەن. هەمان شت لە ئەفریقیاشدا بینراوە و هەستی پێئەکرێت[12].

بە م شایانی ئاماژەیە کە تەنانەت لە نێو ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان زۆر گەورەشە، پاڵپشتیکەرانی خەتەنەکردن، ڕێژەیەکی زۆر پێکناهێنن.

---

[12] ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)، "بنبڕنکردنی خەتەنکردنی مێینە: ڕاپۆرتێکی نێوڕێکخراوەیی". جنێف ٢٠٠٨، لا ٧.

**وێنەی ژمارە ٣٤، ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە پاڵپشتی لە خەتەنە ئەکەن، و پێیان باش نیە هۆشیاربکرێنەوە بە پێی تەمەن**




بە م ئەگەر ژمارەی گشتی بەشداربووان لە بەرچاوبگرین، ئەوا وێنەکە بە تەواوەتی گۆڕانی بەسەردا دێت (وێنەی ژمارە ٣٤). ئەوانەی کە پاڵپشتی لە خەتەنکردن ئەکەن، کەم تا زۆر سەر بە هەموو تەمەنەکانن. ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠-٣٠ ساڵیدایە، لە ئافرەتانی تەمەنەکانی تر زیاتر بوون، بە هۆی زۆری ژمارەی ئەو ئافرەتانە لە کۆمەڵگادا. هەروەها هەمان دەستنیشانکردن بۆ ئافرەتانی سەروو ٦٠ساڵیش ڕاستە، چونکە ئەو گروپە وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە بەراورد بە گروپەکانی تر زیاتر پاڵپشتی لە خەتەنەکردن ئەکەن.

**وێنەی ژمارە ٣٥، ڕێژەی گروپی تەمەن**



ڕێژەی ئەوانەی کە پاڵپشتی خەتەنە ئەکەن و نەخوێندەوارن ٧٥,٦% ە، کە ژمارەیەکی زۆرە. لە لایەکی ترەوە، ئەو ئافرەتانەی کە خوێندەواریان هەبوو و پاڵپشتی خەتەنەئەکەن، ڕێژەیان کەمترە و تەنها ٩,٥% یە (لە کاتێکدا کە ٣٦,٢% هەموو بەشداربووان پێکئەهێنن). بە نەسبەت پاڵپشتیکردنی خەتەنەوە، دیسان گەرمیان و کەرکووکی نوێ لە ناو پارێزگاکانی تردا بە ڕوونی دەرئەکەوێت. ڕووبەڕووبوونەوەی و نەویستنی هۆشیارکردنەوە لە سەر خەتەنە، لەو ناوچەیەدا زۆر لە ناوچەکانی تر باوترە. لە سەرو یەک لە سەر چواری ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە لە گەرمیان و کەرکووکی نوێدا، ئەو جۆرە هۆشیاریەیان پ  باش نیە. (وێنەی ژمارە ٣٦).

**وێنەی ژمارە ٣٦**




کفری و کەلار و خانەقین لەو شوێنان کە زۆرتری پاڵپشتیکەری خەتەنەیان تێدایە. سەرو ٣٠% بەشداربووان، پاڵپشتی خەتەنەیان ئەکرد. لە پێباز ( کە نزیکی مەیدانە و  لە نێوان کەلار و سلێمانی دایە)، و لە قەردەاغدا (کە لە باشووری سلێمانیە)، ڕێژەی ئەوانەی کە پاڵپشتی خەتەنە ئەکەن زۆر لە شوێنەکانی تر زیاترە.

ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان خەتەنە کراون، کەمتر لەوانی تر مەیلی ئەوەیان هەیە کە پاڵپشتی لە پرۆسەکە بکەن و ئاکامە خراپەکانی بچووک پیشان بدەن. لە نێو ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنە نەکراون، تەنها ١,١% پێیان باشبوو کە دەسە ت یاسا و ڕێسای تایبەت دەربکات بۆ بەرنگاربوونەوەی خەتەنە، بە م  لە نێو ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان خەتەنەکراون، ڕێژەکە بۆ ١١% بەرزئەبێتەوە.

بە هەمان شێوە، ڕێژەی ١,٦% ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنە نەکراون، پێیان باشنەبوو کە مامۆستایان قوتابێکانیان لە مەڕ خەتەنە هۆشیاربکەنەوە. بە  م ڕێژەی ١٠,٧% ئەوانەی کە خەتەنەکرابوون ئەو پێشنارەیان پ   باش بوو.

ئەم جیاوازیانە مایەی ت   امانن. ئەمانە بۆمان دەرئەخات کە ویستێک هەیە بۆ کەمکردنەوەی گرنگی ئاکامە خراپەکانی خەتەنەکردن لە نێو خودی قوربانیەکاندا و لە کۆتایشدا، ئەمە نیشانەیەکە بۆ هەبوونی گواستنەوەی توندوتیژی لە نەوەیەکەوە بۆ ئەوی تر. بە  م لە هەمان کاتدا، پێویستە ئەوە بوترێت کە تەنانەت لە نێو ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنەکرابوون، زۆربەی هەرە زۆریان داوای هۆشیارکردنەوە و خۆ پاراستن ئەکەن.

پەیوەندی نێوان بەسەرهاتی خودی ئەو کەسانەی کە خەتەنەکراون و پاڵپشتی ئەمانەی دوایی لە پرۆسەکە، ئەکرێت بە پێی پارێزگاکان دابەش بکرێت(وێنەی ژمارە ٣٧)

له گەرمیان و کەرکووکی نوێدا، چاومان بە دژایەتی کردنێکی زیاتری هۆشیارکردنەوە و پارێزگارکرنی ئافرەتان لە بەرامبەر خەتەنە ناکەوێت بە بەراورد بە ناوچە و پارێزگاکانی تر ئەگەر تەنها ئەو بەشداربووانە وەرگرین کە خەتەنەکراون. (ڕێژەی تەمەنی نموونەی بەشداربووانی پارێزگاکان زۆر لە یەکەوە نزیکن و بۆیە هیچ کارتێکردنێکی ئەوتۆیان لە سەر دەرئەنجامەکان نیە).

**وێنەی ژمارە ٣٧، ڕێژەی پاڵپشتیکەرانی خەتەنە**




تەنها لە گەرمیان و کەرکووکی نوێدا، دژایەتیەکی ڕوون هەست پێئەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیارو پارێزگارکردن لە ئافرەتان بۆ خەتەنە. هۆکارەکانی ئەو جۆرە دژایەتیکردنە ئەبێت بابەتی توێژینەوەی زیاتر بن.

٣,٥,٣. پاریزگاریکردنی مێینە لە خەتەنە

لە وە می پرسیاری کە ئایا ک بەرپرسیارە لە پارێزگاریکردنی مێینە لە خەتەنەکردن، ئافرەتانی بەشداربوو ئاماژەیان بۆ دەسە تی ئایینی بە پلەی یەکەم کرد و دواتریش دەسە تی سیاسی وڵات. ژمارەیەکی زۆری ئافرەتە بە تەمەنەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی متمانەیان بە کەسایەتیە ئاینیەکان هەبوو، بە م ئافرەتە گەنجەکان، گرنگیەکی هاوشێوەیان بە دەسە تی سیاسی ئەدا. (وێنەی ژمارە ٣٨)

**وێنەی ژمارە ٣٨، چ دەسە تێک ئەتوانێت بەرگری لە کچان بکات بۆ ئەوەی خەتەنە نەکرێن؟**




بە هەمان شێوە، ئەو ئافرەتانەی کە ئاستی خوێندنیان باشتر بوو، گرنگی و متمانەیەکی زیاتریان ئەدا بە هێزە سیاسیەکان بە بەراورد لە گەڵ کەسایەتی و کایە ئاینیەکان.
ئەگەر بەراوردێکی ئەم نیشانە لە نێو پارێزگاکاندا بکەین، بۆمان دەرئەکەوێت کە سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت لە متمانە بوون بە سیاسەت. لەوێدا، دەسە تە سیاسیەکان نمرەیەکی وەک یەکیان لە گەڵ دەسە تە ئاینیەکان هەیە. بە م لە پارێزگاکانی هەولێر و گەرمیاندا، ئافرەتان، متمانەی خۆیان زیاتر ئەبەخشنە هێزی دەسە تە ئاینێەکان و هێزی هۆزەکان. بروا بوون بە هێزی هۆزەکان پێئەچێت لە ناو نەوەی تازەدا بەرەو هە کشان بڕوات.
دوو وە می گرنگمان لە ئەنجامی پرسیاری "ئایا چیت بەسەردا دێت ئەگەر ڕازی نەبویت خەتەنە بکرێیت؟" دەستکەوت. یەکەم، پەیوەندیە کۆمە یەتێکی لە شێوەی، خێزان و هۆز لە پارێزگای هەولێر بەهێزترە وەک لە پارێزگای سلێمان و گەرمیان و کەرکووکی نوێ. ئەم شێوازە کۆمە یەتیە تەقلیدیانە، سەرچاوەی ناسراوی سەرکوتکردنی کۆمە یەتین. نزیکەی ٨,٨% بەشداربووان لە پارێزگای هەولێر، پێیان وایە کە ڕازی نەبوون مانای پەراویزخستنە لە کۆمە گادا. دووەم، ئەنجامدانی پرۆسەی خەتەنە، لە هیچ شوێنێکی تردا، ئەوەندەی گەرمیان و کەرکووکی تازە تۆتالیتاریانە نیە. ڕێژەی ٤٣,٢% ی بەشداربووانی گەرمیان پێیان وایە کە ڕازی نەبوون لە سەر ئەنجامدانی خەتەنە ئاکامی خراپی ئەبێت بۆیان. ٢١% پێیان وابوو کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت ڕازی نەبن.
لە خوارەوە وێنەیەک ئەبینن کە وە مەکانی ئەو ئافرەتانە دەرئەخات کە پێشتر دانیان بەوەدا ناوە کە خەتەنە لە کۆمە گاکانیاندا باوە.

**وێنەی ژمارە ٣٩، ئەو ئافرەتانەی کە لە کۆمە ڵگاکەیاندا خەتەنە باوە؛ چی ئەبێت ئەگەر خەتەنە ڕەتکەیتەوە؟**




زۆربەی بەشداربووانی ڕاپرسیەکان پێیان وایە کە ئەو ئافرەتانەی کە ڕازی نین خەتەنەیان بۆ بکرێت نابێت ڕووبەڕووی هیچ ئاکامێکی خراپ ببنەوە. ئەمە ڕەنگە وامان لێبکات بـ ین خەتەنەکردن پابەندە بە ویستی تاکەکەسی قوربانیەکان. بە م ئەم گریمانە ڕاست نیە ئەگەر کارکتەرە باوکسالرییەکانی کۆمەڵگا تردسوێناڵەکان لە پێشچاو بگرین کە بەربەستی گەورە لە بەردەم هەڵبژاردنی ئازادانەی تاکەکاندا دروست ئەکات. لەم جۆرە کۆمەڵگایاندا، ئافرەتان بە تایبەتی هیچ ڕێگایەکیان لە بەردەم نیە بۆ هەڵبژاردنی ئازادانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. ڕەدا، ڕەنگە ئەو ئایدیایەی کە گوایە هیچ ئاکامێکی خراپ نیە بۆ خەتەنە، پێمان بـ ت کە ئافرەتان تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگا وەک یەکێک لە ئەگەرەکان شک نابەن. بۆیە ئەو ئافرەتانە بیریش لەوە ناکەنەوە کە ئەکرێ ناکۆکیەک هەبێت لە نێوان ئەو شتانەی کە کۆمەڵگا بڕوای پێیان هەیە و هەڵبژاردنی تاکەکەسی ئەوان. ئەو وە مانەی کە بەشداربووان بۆ پرسیاری ئاکامە تەندروستیەکانی خەتەنەکردن دەستنیشانیان کردووە، لە ڕێی هەمان گریمانەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لێرەدا گرنگە کە جەخت لەسەر ئەو ژمارە کەمەی بەشداربووان بکرێت کە باسیان لە ئەگەری هەبوونی ئاکامی خراپ لە کاتی ڕازی نەبوون لە سەر خەتەنە کردووە. بە هۆی ئەوەی کە ژمارەی ئەو ئافرەتانە کەمە، ڕەنگە تووشی هەڵە ببین لە لێکدانەوەی وە مەکانیان و نەکرێت ئەو وە مانە گشتگیر بکرێت بە م ئەکرێت وەک لێکدانەوەیەکی سەرەتایی تەماشا بکرێت بۆ هەموو ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنەکراون.

## ٣,٦. هۆشیاری لەسەر خەتەنەکردنی مێینە

### ٣,٦,١ ئافرەتان لە کوێوە زانیاریان لە سەر خەتەنە دەستئەکەوێت؟

چەند سا ێکی کەمی پێش ئەمرۆ، پرۆسەی خەتەنەکردن لە تاریکیدا بەڕێوەئەچوو. بە م لە حاڵی حازردا ئەو خە ێکانەی کە دەستیان ئەگاتە میدیای بینراو و بیستراو و خوێنراو، ئەتوانن زانیاری لە سەر خەتەنە دەستکەوێت. بە م هەمووان سەر بەم گروپە نین. دیارە سەرو نیوەی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان نەخوێندەوارن. بۆیە ناتوانن زانیاری لە ڕێی کتێب و ڕۆژنامە و ئەنتەرنێتەوە وەرگرن. لە شوێنە دوور و لادێکاندا، ئەم سەرچاوانەی زانیاری بوونیان نیە. زۆرێک لە خێزانەکانی ئەو شوێنانە کارەبایان نیە بۆیە تەلەفزیونیشیان نیە. هەر بۆیە ئاسانترین ئامرازی بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕادیۆیە.

زۆربەی هەرەی زۆری زانیاریەکان لە ڕێی قسەوە ئەگوازرێنەوە. ئەگەر خەتەنەکردن باسیش بکرێت ئەوا لە نێوان ژن و پیاواندا قسەی لە سەر ناکرێت. بۆیە زۆربەی ئافرەتان زانیاری لە سەر خەتەنە لە خزم و کەسوکارو هەڤاڵە ئافرەتەکانیانەوە دەسئەکەوێت.

لە پارێزگای سلێمانیدا، هەر یەکێک لە دوو ئافرەتێک کە بەشداری توێژینەوەکی کردووە ئەیت زانیاری لە سەر خەتەنە لە تەلەفزیۆنەوە وەگرتووە. (وێنەی ژمارە ٤٠). لە پارێزگاکانی تر ئەو ڕێژەیە زۆر کەمترە. هۆکاری ئەمە دیار نیە. بە م ئەوی ئاشکرایە ئەوەیە کە زۆرێک لە خێزانەکانی دانشتووی پارێزگاکانی گەرمیان و کەرکوکی نوێ، کارەبا و تەلەفزیۆنیان نیە. لە هەندێک حاڵەتدا، خێزان هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند دەربکەوێت، صحنی سەتەلایەت لە سەر بانەکانیان داناوە بە ب ئەوەی کە تەلەفزیۆن یا ئامێری وەرگرتنیان هەبێت.

لە پارێزگای گەرمیاندا، ٢٠% بەشداربووان، "کامپەینی هۆشیارکردنەوەیان" وەک سەرچاوەی زانیاری لە سەر خەتەنە دەستنیشانکردووە، لە هەمان پارێزگادا، ٢٠% تر "ستافی تەندروستی" یان وەک سەرچاوەی سەرەکی ئەو زانیاریە دەستنیشانکردووە. ئەمە ئەکرێت وەک کارتێکردنی تیمە گەڕۆکەکانی ڕێکخراوی وادی بناسرێت کە لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە لەو ناوچەیەدا چالاکن. ئەمڕۆشی لە گە دا بێت، گەرمیان یەکێکە لەو شوێنانەی کەوا وادی جەختی لەسەر ئەکات بۆ بڵاوبکردنەوەی هۆشیاری لەسەر خەتەنەکردنی مێینە.

.

**وێنەی ژمارە ٤٠، لە کوێەوە زانیاریت لە سەر خەتەنە وەرگرتووە؟**




ئەو ژمارە زۆرەی ئافرەتان کە وە مى "هیتریان" هە بژاردووە، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە بەشداربووان شەرمیان کردووە لەوەی وە مى ئەو پرسیارە بدەنەوە.

٣,٦,٢. هۆکارەکانی ئەنجامنەدانی خەتەنە

ئایا ئەو پاڵنەرانە چین کە وا لە دایکان ئەکات خەتەنە بۆ کچەکانیان ئەنجام نەدەن؟

لە پارێزگای هەولێر، دیسانەوە "تقالید" هۆکارێی بەهێزە بۆ ئەوەی خەتەنە ئەنجامنەدرێت، بە م ئەم جارە بە دیوێکی پۆزەتیڤدا. لە گەرمیاندا، هۆکاری سەرەکی بەزەییە بە منداڵاندا. (وێنەی ژمارە ٤١). کامپەینی هۆشیارکردنەوە لە سەر خەتەنەکردن، تەنها چەند سا کە دەستی پێکردووە. بۆیە ڕەنگە ئەو کامپەینە زۆر کاری لە سەر هە سوکەوتی ئافرەتان نەکردبێت لە بەرامبەر کچە تەمەن خوار ١٤ ساڵانەکانیانەوە. بە م لە هەمان کاتدا، ٢٠% ئەو ئافرەتانەی بەشداریان کردووە ئە ن کە "تیمە گەڕۆکەکان" ئامۆژگاریان کردووین. هۆکاری ئەمە ڕەنگە

بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە، بە پێچەوانی ویستی ئێمە، زۆربەی زۆری ئافرەتە بەشداربووەکان وە می ئەو پرسیارەیان داوەتەوە تەنانەت ئەوانەش کە کچەکانیان خەتەنە کراون.

**وێنەی ژمارە ٤١، ئەو دایکانەی کە کچەکانیان خەتەنە نەکردووە، بۆچی؟**



ڕەنگە ئەوەی لێرەدا ببینین ئەو دەرئەنجامەیە کە دایکان خویان پێی گەیشتوون. لە وێنەی داهاتوودا، تەماشایەکی بەراوردکاری ئەو هۆکارانە پیشان ئەدەین کە ئەو ئافرەتانەی خەتەنەیان لە ڕابووردوودا ئەنجامداوە بە م ئاماژە بەوە ئەدەن جارێکی تر لە داهاتوودا ئەو کارە ناکەنەوە. (وێنەی ژمارە ٤٢).

**وێنەی ژمارە ٤٢، ئەو دایکانەی کە کچەکانیان خەتەنە نەکردووە، بۆچی؟**




**٣،٦،٣ گریمانەی ڕاستی دۆزینەوەکانمان**

بە پێی ئەو داتایانەی کە لە وێنەی ژمارە ٤٢ دا پیشاندراون، نزیکەی ٤٥،٩% ئەو دایکە گەنجانەی کە پێشتر خەتەنەیان بۆ کچەکانیان کردووە، ئە ن کە ئامۆژگاری کراون بۆ ئەوەی واز لە خەتەنەکردن بێنن. ئەمە خۆی لە خۆیدا جیگای پرسیارە و ئەو گریمانەی کەوا ئەو دایکانەی کە پێشتر خەتەنەیان بۆ کچەکانیان کردووە ئێستا قەناعەتیان هەیە کەوا نابێت چیتر خەتەنە بکەن، ڕەنگە ڕاست نەبێت. ئەگەر دان بە ڕاستی ئەو داتایانە بنێن، ئەوا ئەبێت بـ ین کە خەتەنە لە کوردستاندا چیتر کێشە نیە. بە م ڕووداوە ڕۆژانەکان پێمان ئە ن کە پێچاوەنەی ئەو دەستنیشانکردنە ڕاسترە. بۆیە، دڵخۆشترین شتێک کە بتوانین بێ ین ئەوەیە کە تیمە گەڕۆکەکان هیچ نەبێت تا ڕادەیەک ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.

دۆزینەوەیەکی تریش بە هەمان شێوە، ئەکرێ ناوی لێبنێن سەرلێشێوێنەر. تەنها ٣٢ دایک کە ئەکاتە ڕێژەی ١٠% بەشداربووان، دانیان بەوەدا ناوە کە بە تەمان خەتەنە بۆ کچەکانی تریشیان بکەن. دیارە ئەم داناپێنانە لە لایەن ئەوانەوەیە کە پاڵپشتیکەرێکی بە هێزی خەتەنەن، کە ڕەنگە ویستبێتیان نامەیەک ئاراستەی ئەوانە بکەن کە ئەیانەوێت خەتەنەی مێینە لە ناو بەرن. ئەمە پێمان ئە ت کە خەتەنە بە گشتی گرنگی پێنادرێت و ئافرەتان لە حاڵی حازردا نەک تەنها گریمانەی ئەوە ئەکەن کە خەتەنە شتێکی خراپە و ئاکامی تەندروستی ڕوخێنری هەیە، بە کو لە هەمان کاتدا ئەو ڕاستیە ئەزانن. شرۆڤەکردنی زیاتر پشتراستکردنەوەیەکی ناتەواومان ئەدات بە دەستەوە. ١٩ کەسە لەو ٣٢ دایکەی سەر بە ئەو گروپەن کە ئەکرێت پێیان بووترێت "پاڵەوانەکانی خەتەنە"، کە لە بەشی ٣،٥،٢ باسیان لێوە کراوە.

وە مەکان ئەوەمان پێی ئە ت کە ناکرێت چی تر چاوەڕێی وە می ڕاست و ڕەوان بین کاتێک پرسیار لەسەر نیەتی بەشداربووان ئەکەین لە سەر ئەنجامدانی خەتەنە لە داهاتوودا. ئەمە ڕەنگە بۆ ئەو پرسیارە ڕاست بێت کە لەو کچانە ئەکرێت کە لە ئەنجامی خەتەنە مردوون. بە پێچەوانەی ئەوەی لە سەر ئەرزدا بینیمان، هیچ کام لەو

ئافرەتانەی لە ڕاپرسیەکدا بەشداریان کردووە، دانیان بەوەدا نەناوە کە پرسەیان بۆ ئەو منداڵانەیان دانابێت کە لە ئەنجامی خەتەنەدا مردوون.
ئەم جۆرە قسانە کە بنەمایان نیە، بۆ ڕاپرسی و توێژینەوەکانی داهاتوو کێشە دروست ئەکات. بە م لە هەمان کاتدا، نیشانەیەکی دڵخۆشکەرە، چونکە پێمان ئە ت کە هۆشیارکردنەوە لە سەر خەتەنەکردنی مێینە کاری خۆی کردووە. ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگە لە ڕێگای نەهێشتنی خەتەنەکردن. بە م گرنگی ئەمە نابێت لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورەتر بکرێت. زۆربەی زۆری ئافرەتان، سەر بە گروپی "پاڵپشیکەرانی" خەتەنەکردن نین، کە بە قەناعەتەوە، پاڵپشتی لەو پرۆسەیە ئەکەن. ڕەنگە ئەو ئافرەتانە کە بیر لە خەتەنەکردنی داهاتوو ئەکەنەوە، تووشی دڵەڕاوک ببن. بە م بە داخەوە، ئەمە مانای ئەوە نیە کە پرۆسەکە ئەنجامنادەن. هۆشیارکردنەوە بە تەنها ناتوانێت کە توندوتیژی دژی ئافرەتان کۆتایی پ بهێنێت.

پاشکۆ
نەخشەی هەرێمی کوردستانی
عێراق



## پاشکۆ
### خشتەی وێنەکان


| وێنە/ خشتە | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١. | ڕێژەی خەتەنەکردن بە پێی پارێزگاکان | |
| ٢. | ڕێژەی خەتەنەکردن بە پێی تەمەن | |
| ٣. | شوێنی لە دایکبوون- بە پێی تەمەن | |
| ٤. | جۆری خەتەنە - بە پێی پارێزگا | |
| ٥. | ڕێژەی ئەوانەی کە کێشەیان لە دەرئەنجامی خەتەنەکردنەکە ڕاگەیاندووە | |
| ٦. | شوێنی ئەنجامدانی خەتەنە | |
| ٧. | کێ خەتەنەی کردی- بە پێی پارێزگا | |
| ٨. | کێ ئامۆژگاری کردی خەتەنە بکەیت؟ | |
| ٩. | ئاستی خوێندەواری ئەوانەی کە ڕاپرسیان لە گەڵ کراوە | |
| ١٠. | خوێندەواری ئافرەتەکان، بە پێی تەمەن | |
| ١١. | نەخوێندەواری بە پێی تەمەن، بەراوردی شار و لادێ | |
| ١٢. | ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگاکاندا | |
| ١٣. | ڕێژەی خەتەنە بە پێی تەمەن، بەراوردی شار و لادێ | |
| ١٤. | پەیوەندی نێوان نەخوێندەواری و خەتەنە | |
| ١٥. | خوێندەواری و کاری کچ بە پێی کاری دایک | |
| ١٦. | بەدەستهاتنی خوێندن و کار بۆ کچ بە پێی کاری باوک | |
| ١٧. | خوێندەواری ئافرەت بە پێی کاری باوک | |
| ١٨. | ڕێژەی خەتەنە بە پێی کاری باوک | |
| ١٩. | ڕێژەی خەتەنەکردن، بە پێی خوێندەواری باوک/ دایک | |
| ٢٠. | کێ زانیاری لە سەر سێکس پێشکەش کردی | |
| ٢١. | ک   زانیاری لە سەر سێکس پێشکەش کردی | |
| ٢٢. | لە کۆمەڵگاکەی تۆدا ک   پاڵپشتی لە خەتەنە ئەکات | |
| ٢٣. | بۆچی خەتەنیان کردی؟ | |
| ٢٤. | ک   پاڵپشتی لە خەتە ئەکات لە پارێزگاکەتدا، بە پێی پارێزگا | |
| ٢٥. | دایکان، بۆچی کچەکەت خەتەنە کراوە؟ | |
| ٢٦. | ئەو دایکانەی کە ئەیانەوێت کچە داهاتووەکانیشیان خەتەنە بکەن، هۆکارەکان | |
| ٢٧. | ئەو دایکانەی کە ئەیانەوێت کچە داهاتووەکانیشیان خەتەنە بکەن، هۆکارەکان بە پێی پارێزگا | |
| ٢٨. | ڕێژەی خەتەنەکردن و نەخوێندەواری بە پێی نەتەوە | |
| ٢٩. | بە ی پیاوەکانمان ئاگایان هەیە لە خەتەنەکردنی  مێینە لە کۆمەڵگاکەماندا | |
| ٣٠. | بە ی پیاوەکەم ئاگای لە خەتەنەکردنی کچەکەم هەیە | |
| ٣١. | چ کێشەیەکت لە ئەنجامی خەتەنە تووش بووە؟ | |
| ٣٢. | ئاکامەکانی خەتەنەکردن، بە پێی تەمەن | |
| ٣٣. | ئاکامەکانی خەتەنە بە پێی ئاستی خوێندەواری | |
| ٣٤. | ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە پاڵپشتی لە خەتەنە ئەکەن، و پێیان باش نیە هۆشیاربکرێنەوە بە پێی تەمەن | |
| ٣٥. | ڕێژەی گروپی تەمەن | |
| ٣٦. | ڕێژەی پاڵپشیکەران بە پێی پارێزگاکان | |
| ٣٧. | ڕێژەی پاڵپشتیکەرانی خەتەنە | |
| ٣٨. | چ دەسە  تێک ئەتوانێت بەرگری لە کچان بکات بۆ ئەوەی خەتەنە نەکرێن؟ | |
| ٣٩. | ئەو ئافرەتانەی کە لە کۆمەڵگاکەیاندا خەتەنە باوە؛ چی ئەبێت ئەگەر خەتەنە ڕەتکەیتەوە؟ | |
| ٤٠. | لە کوێوە زانیاریت لە سەر خەتەنە وەرگرتووە؟ | |
| ٤١. | ئەو دایکانەی کە کچەکانیان خەتەنە نەکردووە، بۆچی؟ | |
| ٤٢. | ئەو دایکانەی کە کچەکانیان خەتەنە نەکردووە، بۆچی | |


© 2009 Arvid Vormann, WADI e.V.